TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.6.8

# سیماکانی نێرگسیزم لە دەقی شیعری (طەبعی شەککەرباری من)ی (نالی)دا
## لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی دەروونییەوە

OPENACCESS
*Corresponding author
Rebeen Khaleel Qade
rebeen.qader@su.edu.krd

**ڕێبین خلیل قادر/** بەشی زمانی کوردی,کۆلێژی پەروەردە,زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر, هەرێمی کوردستان,عێراق

RECEIVED: 21/01/2025
ACCEPTED: 09/03/2025
PUBLISHED: 15/12/2025

## پوختە

شیعر ڕەنگدانەوەی دەروونی شاعیرە، بۆیە ژیانی دەروونی شاعیر و بارودۆخە دەروونی و هەست و سۆز و هەڵچوونە پەنگخواردووەکانی دەروونی شاعیر لە شیعرەکانیدا ئامادەیی دەبێت. یەکێک لەو دیاردە دەروونییانەی لای زۆرێک لە شاعیراندا هەیە، مەسەلەی نێرگسیزمە، کە بە واتای خود خۆشەویستی دێت. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە ئەم پرسە دەروونییە لە دەقێکی شیعریی (نالی)دا بخەینەڕوو، ئەمەش دوای ئەوەی (نالی) شاعیر ڕووبەڕووی توانج و گاڵتەپێکردن بۆتەوە لەلایەن هەندێک کەسەوە؛ بەهۆی ئەوەی بە زمانی کوردی (زاری سلێمانی) شیعری داناوە، بۆیە ئەم پرسە وەک گرفت و ئاریشەیەکی توێژینەوەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و ئامانجمان ئەوەیە کە دۆخی دەروونی شاعیر لەمیانی ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی سیما جیاوازەکانی گرێی نێرگسیزم لە دەقی (طەبعی شەککەرباری من) لە ڕوانگەی هێڵە گشتییەکانی میتۆدی ڕەخنەی دەروونییەوە ڕاڤە بکەین. لە کۆتاییشدا گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی کە (نالی) لە میانی ئەم دەقەوە هەوڵی بە سەنتەرکردن و زەقکردنەوە و بەرزکردنەوەی خودی خۆی داوە بەرانبەر ئەوی تر، کە مەبەستی ئەو خەڵکانەن کە توانجیان لە شیعرەکانی گرتووە.

**وشە سەرەکییەکان:**
شیعر،
نێرگسیزم،
ڕەخنەی دەروونی،
خود،
ئەوی تر.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1. پێشەکی

### 1.1: ناونیشانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (سیماکانی نێرگسیزم لە دەقی شیعری (طەبعی شەککەرباری من)ی (نالی)دا، هەوڵێکە بۆ توێژینەوەی سیما جیاوازەکانی گرێی نێرگسیزم لەم دەقە شیعرییەی (نالی)دا، بە پشتبەستن بە بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی، ئەمەش بە مەبەستی خستنەڕووی دۆخی دەروونی (نالی) لەم دەقە شیعرییەیدا، دوای ئەوەی کە شیعر بە زمانی کوردی (شێوەزاری سلێمانی) دەنووسێت و لەلایەن هەندێک شاعیر و خەڵکەوە ڕووبەڕووی توانج تێگرتن و گاڵتەپێکردن دەبێتەوە و (نالی)یش لەم شیعرەیدا بەرگری لە خۆی دەکات و هێرش دەکاتە سەر ئەوان.

### 2.1: ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی سیما و شێوە جیاوازەکانی گرێی نێرگسیزم لە دەقی (طەبعی شەککەرباری من)ی (نالی)دا و جەختکردنەوە لەسەر ئەم گرێ دەروونییە کە لەمیانی کۆمەڵێک سیما و شێوەی جیاوازدا بەشێوەیەکی هونەری و ئیستاتیکی مەزرێنراوەتە نێو دەقەکەوە و لایەنێک لە کەسێتی دەروونی (نالی) لە سەردەمێکی دیاریکراوی ژیانیدا پیشان دەدات.

### 3.1: میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا، پێڕەوی بنەما ڕەخنەییەکانی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی کراوە.

### 4.1: پلانی توێژینەوە:

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم تایبەتە بە پێشەکی و تێیدا ناونیشانی توێژینەوەکە و ئامانجی توێژینەوەکە و میتۆدی ڕەخنەیی توێژینەوەکە و پلانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو. بەشی دووەمی کە تیۆرییە؛ تایبەتە بە (گرێی نێرگسیزم و شیعر) و لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە؛ تەوەرەی یەکەمی لە چەند بابەتێکدا تایبەت کراوە بۆ خستنەڕووی نێرگسیزم و چەمک و زاراوە و پێناسەکەی و تایبەتمەندییەکانی کەسی نێرگسی. تەوەرەی دووەمی بەشەکەش لە چەند بابەتێکدا بۆ خستنەڕووی پەیوەندی نێوان گرێی نێرگسیزم و شاعیر و داهێنانی شیعری، هەروەها (نالی) و گرێی نێرگسیزم وشانازیکردنی بە خودی خۆی تەرخانکراوە.

بەشی سێیەمی کە پراکتیکییە، تایبەتە بە شیکردنەوەی سیماکانی گرێی نێرگسیزم لە دەقی شیعری (طبعی شەککەرباری من)ی (نالی)دا و لە چەند تەوەرەیەکدا سیماکان خراونەتەڕوو. لە تەوەرەی یەکەمدا، دەقە شیعرییەکە خراواتەڕوو. لە تەوەرەی دووەمدا، باسی نێرگسیزم لە داهێنان و بەهرەی خودی کراوە. لە تەوەرەی سێیەمدا، باسی نێرگسیزم لە خۆ بەراوردکردن بە ئەوی تر و بەکەمزانینی ئەوی تر کراوە. لە تەوەرەی چوارەمدا باس لە بەکارهێنانی ڕاناوی (من) کراوە وەکو یەکێک لە سیماکانی نێرگسیزم. لە تەوەرەی پێنجەمدا باس لە نێرگسیزم لە بەسەنتەرکردنی خود و پەراوێزخستنی ئەوی تردا کراوە. لە تەوەرەی شەشەمیشدا وێناکردنەکانی (نالی) بۆ خودی خۆی و (ئەو – ئەوان)ی تر خراوەتەڕوو.

لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## 2: گرێی نێرگسیزم و شیعر:

### 1.2: نێرگسیزم

#### 1.1.2: زاراوە و چەمکی نێرگسیزم:

ئەم زاراوەیە لە فەرهەنگ و زمانی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بە شێوەکانی (نێرگسیزم) و (نێرگسیەت) و (نێرگزیزم) و (نێرگزیەت) و (نێرگزی) و هەروەها بە شێوەی (خود خۆشەویستی) یان (خۆشەویستی خود)یش بەکارهاتووە، کە هاوتای زاراوەی (النرجسية) و (حب الذات)ی زمانی عەرەبی و (Narcissism)ی ئینگلیزییە.

بنچینەی ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا بۆ ناوی یەکێک لە کەسێتییەکانی ئەفسانەیەکی کۆنی یۆنانی دەگەڕێتەوە بە ناوی (نارسیسوس _ Narcissus)، کە گوایە لەوئەفسانەیەدا (نارسیسوس) ڕوخسارێکی جوانی هەبووە، ڕۆژێک لە دارستانێک و لە کەنار دەریاچەیەکی هێمندا وێنەی خۆی لە ئاوەکەدا دەبینێت و شێتانە ئەکەوێتە داوی خۆشەویستی خۆیەوە و بە دیار وێنەی خۆیەوە ئەمێنێتەوە و شوێنەکە جێناهێڵێت تا دەمرێت، یان دەوترێت ئەوەندە خەریکی جوانی و وێنەی خۆی ئەبێت لەناکاو دەکەوێتە نێو ئاوەکەوە و دەخنکێت، ئینجا لە تەنیشت جەستەکەیەوە یان لەو شوێنەی کە تێیدا دەکەوێتە نێو ئاوەکەوە و دەخنکێت گوڵێک ئەڕوێت و ناوی ئەنێن نێرگز (نرجس) (البحيري، 1987، 3)، بۆیە

نێرگسی دیاردەیەکە پێوەندی بە خۆشەویستی مرۆڤەوە هەیە بۆ خودی خۆی، واتە خود خۆشەویستییەک کە ئەگەر زێدەڕۆییەکی زۆری تێدا کرا ئەوا دەبێتە گرێ و نەخۆشییەکی دەروونی و زۆربەی جار کەسی توش بوو بەو نەخۆشییە توشی هەڵە و نالەباری دەبێتەوە لەگەڵ کەسانی دەوروبەری. ئەم زاراوەیە بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە هەستی خۆ بەگەورەزانین و تاکایەتی و بایەخدانێکی بێ سنوور بە خود و خود خۆشەویستییەکی بێ سنووریان هەیە و بە کەسێتی خۆیان سەرسامن و بە چاوێکی کەمەوە سەیری دەوروبەریان دەکەن و خودی خۆیان بە سەنتەری شتەکان دەزانن و جگە لە بایەخدان بە خودی خۆیان بایەخ بە شت و کەسانی تر نادەن.

لە زانستی دەروونناسیدا، ئەم زاراوەیە وەک و گرێ و شڵەژان و پەشێوی و نەخۆشییەکی دەروونی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و مانایەکی نەرێنییانەی هەیە. بۆیە لە دەروونناسیدا ئەو کەسانەی نەخۆشی خودخۆشەویستییەکی نەرێنییان هەیە و بەردەوام گرێی خۆ بەگەورە زانین و سەرسامبوون بە خودی خۆیان هەیە، ئەمانە زۆرجار مەترسین بۆ سەر کۆمەڵگا و کەسانی دەوروبەری خۆیان و پێویستییان بە ڕاوێژکردن و دەستنیشانکردنی جۆر و هۆکاری گرێیەکە و چارەسەکردن هەیە بۆ ئەوەی ببنەوە بە کەسێکی ئاسایی و ژیانێکی دوور لە دەمارگیری و توڕەبوون و هەڵچوون و ڕەتکردنەوەی ئەوانی تر بەسەر ببەن.

لە ڕووی زاراوەییەوە نێرگسیزم: بریتییە لە هەستکردن بە گەورەیی خود و بایەخدان بە خود، و سەرقاڵبوون بە وەهمی سەرکەوتنە بێ سنورەکان و پێویستی نمایشکارانە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەردەوامی ئەوانی تر (مجید، 2008، 91). ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە چەمکی نێرگسیزم تەنیا بریتییە لە خود خۆشەویستی و شانازیکردن بە خود و بە چەق دانانی خود لەنێو خودەکانی دەروبەردا.

هەندێک جار نێرگسیزم چەمکەکەی فراوانتر ئەبێت و مانای تریش ئەگرێتەوە، کە مەرج نییە تەنیا لە خود خۆشەویستیدا (وەکو غەریزەیەک) قەتیس بکرێت، لەمبارەیەوە (فرۆید) پێیوایە هێزەکانی پاڵنەر و ڕێگرەکان لەگەڵ زیادبوونی تەمەنی تاک جێگیرتر دەبن و بەمەش ئەرکەکانی کەسێتی زیاتر پاڵفتە دەبن و ڕێک دەخرێن. جگە لەوەش تاک لە کاتی فێربووندا کارامەییەکی گەورە پەرە پێ دەدات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بێزاری و دڵەڕاوکێ و گۆڕانکارییەکانی تر کە لە ئەنجامی هەندێک بارودۆخی وەک: (پێگەیشتن، بێزارکەرە دەرەکییە ئازاربەخشەکان بەهۆی داڕوخانە دەرەکییەکانەوە، بێزارکەرە ئازاربەخشە ناوەوەییەکان کە بەهۆی ململانێ ناوەخۆییەوە ڕوودەدەن وەک هێزە بەرزکەرەوەکانی هاوشێوەی (ئەو) لە ژێ هێزە ڕێگرەکانی هاوشێوەی (منی بالا)، دڵەڕاوکێ و دوودڵی)ییەوە پەیدا دەبن. بۆ نموونە لەبارەی دوودڵی و دڵەڕاوکێوە (فرۆید) پێیوایە دەکرێت ترس ببێتە هۆی تێکشکان و داڕووخان، بەوپێیەی تاک دەترسێت لە شوێنکەوتنی ئەو شتەی کە دەیەوێت، ئەم ترسەش دەکرێت ڕاستەقینە، یان دەمارگیری، یان ئاکاری، یان تێکەڵەیەک بێت لە هەموویان، دەکرێت ئەم هەستکردن بە تێکشکان و داڕووخان و دڵەڕاوکێ و ترسە چارەسەر بکرێت بەهۆی:

- سەلماندنی خود.
- جێگرەوە و بالابوون.
- میکانیزمەکانی بەرگریکردن.
- گۆڕینی غەرزەکان (مجید، 2008، 94-95).

وەک ئەوەی (فرۆید) ئاماژەی پێ داوە، هەندێک جار نێرگسیزم بۆ ڕەوینەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و دۆخە جیاوازەکانی تێکشکان و پەشێوی کەسێتی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت، وەک ئەوەی لە ڕێگەچارەی یەکەمدا ئاماژەی بە (سەلماندنی خود) کردووە، کە بریتییە لە جۆرێک لە خۆشویستنی خود و زەقکردنەوەی بۆ ئەوەی لەبریتی ئەوە ئەو ترس و دڵەڕاوکێ و دوودڵییانەی بەهۆی دەروونییەوە یان بەهۆی لایەنی دەرەکییەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە بڕەوێنێتەوە.

(لاش) پێیوایە لە هەندێک بارودۆخدا تاک سیمای نێرگسیزمی خۆی دەرئەخات وەک پێویستییەکی بەرگریکردن و داکۆکیکردن لە دژی ئەو دوژمنایەتیەی بەرانبەری ئەکرێت، لێرەدا (لاش) پێیوایە کە نێرگسیزم لە تاکدا تەنیا وەک پێویستییەک نییە بۆ پیشاندانی هەستی خود خۆشەویستی و شەیدایی خود و شانازیکردن بە خود (عبید، 1991، 67). بەڵکو هەندێکجار وەک غەریزەی بەرگریکردن و داکۆکیکردن لە خود و کەسێتی مرۆڤ بەکاردێت، بۆیە دەبینین بەشێکی گرێی نێرگسیزمی لای تاک بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە بەهۆی ئەم گرێ و دیاردە دەروونییەوە بەرگری لە خۆی دەکاتت و بەهۆیەوە بەرپەچی ئەو تۆمەت و توانج و دوژمنایەتییانە دەداتەوە کە ڕووبەڕووی ئەبنەوە و کەسێتی لەکەدار دەکەن و لە نرخ و بەهای کەسێتی و کار و کردەوە و داهێنانەکانی کەم دەکەنەوە.

### 2.1.2: کەسێتی نێرگسیزم و تایبەتمەندییەکانی:

کەسێتی نێرگسی کەسێتییەکی ئاسایی نییە و نەخۆشە بە مانا دەروونناسییەکەی، ئەگەرچی ئەو کەسە پێی وابێت کە کەسێکی ئاساییە لە ڕەفتار و مامەڵەکردن و قسەکردندا لەگەڵ دەوروبەرەکەی.

زاناکانی بواری دەروونناسی و ئەوانەی توێژینەوەیان لە بواری پەشۆکان و گرێ و نەخۆشی و ئاریشەکانی کەسێتی مرۆڤ کردووە، چەند خەسڵەتێکیان بۆ کەسێتی نێرگسیزم دیاریکردووە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێئەکەین:

1. خۆ بەگەورەزانین لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی تر و بەکەمزانینی کەسێتی ئەوانی تر و هەبوونی مەیلێکی زۆر بۆ خود خۆشەویستی و بایەخدان بە خود و حەزی خۆ دەرخستن. بۆیە حەز بە دەرکەوتن و بەناوبانگبوون دەکات لەسەر حیسابی ئەوانی تر (سعفان، 2011، 15).

2. ڕازینەبوون بە سەرکردایەتیکردنی ئەوانی تر، واتە ڕازی نابێت بەوەی کەس سەرکردایەتی و پێشەوایەتی ئەو بکات، هەمیشە ئەیەوێت خۆی پێشەوایەتی بکات.

3. لاساییکردنەوەی ئەوانی تر لە ڕەفتار و ئاکاریاندا، بەتایبەت ئەوانەی ئاکاری هاوشێوەی ئەویان هەیە (لاساییکردنەوەیەکی نێرگسییانە).

4. هەندێک جار توانست و بەهرە کەسییەکانی لە مرۆڤێکی ئاسایی زیاترە.

5. زۆرجار لە ڕووی شۆخی و کەشخەییەوە هەوڵ دەدات خود خۆشەویستییەکەی و هەستی شانازیکردن بە خودی خۆی بەسەر ئەوانی تردا پیشان بدات. بە تایبەت ئەوەی کە پێوەندی بە ڕووکاری دەرەوەی کەسەکەوە هەیە، وەک (جلوبەرگی ناوازە، زێدەڕۆییکردن لە بەکارهێنانی بۆن و میکیاژ و خشڵ و زێڕ ..... هتد). هەروەها سوربوون لەسەر پاک و خاوێنی، ئەمەش بۆ دەرخستنی کەسێتی خۆی لەم ڕێگەیەوە، بۆئەوەی سەرنجی کەسانی دەوروبەری بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

6. ئەنجامدانی چالاکی زۆر و جۆراوجۆر، ئەمەش بۆ سەلماندنی خودی خۆی و ڕاکێشانی سەرنجی ئەوانی تر بۆ خۆی و شانازیکردن بە خود و کەسێتی خۆی و کار و چالاکی و ئەزموونە جیاوازەکانی.

7. زۆر قسەکردن و درێژدادڕی کردن لە قسەکردندا، ئەمەش لەبەرئەوەی حەزەکات هەر خۆی قسە بکات و ئەوانی تر تەنیا گوێی لێ بگرن، ئەمەش بۆ ڕاکێشانی سەرنج و بایەخپێدانی ئەوانی تر بۆ خۆی و هەوڵدان بۆ مانەوە لەنێو چەقی ئەو سەرنج و بایەخپێدانەی ئەوانی تر بۆی.

8. ئەنجامدانی ڕەفتاری ستەمکارانە و داپڵۆسێنەرانە بەرانبەر ئەوانی تردا. هەروەها لە بۆچوونەکانیدا سەرسەخت و کەللەڕەقە و بە ئاسانی قەناعەت بە بۆچوونی ئەوانی تر ناکات و زۆرجار لەگەڵ ئەوانی تردا نەرم و نیان نییە (چ لە قسەکردندا بێت یان لە هەڵسوکەوتیدا بێت)، بۆیە زۆر جار هیچ ڕەفتارێکی پەسندکارانە و وروژێنەرانەی بۆ بەرانبەرەکانی نییە.

9. هەوڵدان بۆ بێبەهاکردنی ئەوانی تر، ئەمەش لە ڕێی تواج تێگرتنیان و هێرشکردنە سەریان و بەکەم سەیرکردنیان. هەروەها زیادەڕەویکردن لە دەربڕینی بیرۆکەی توندڕەوانە، بەتایبەتیش ئەو بیرۆکانەی ئامانجیان بچووککردنەوە و بێ بەهاکردنی ئەوانی ترە.

10. ئامادەنەبوون لە ڕووی زەین و مێشک و ئاگایی لە کاتی قسەکردنی ئەوانی تر و بەردەوام گۆڕینی ئاراستەی گفتوگۆکە بۆ خودی خۆی. هەروەها چەنەبازیکردن و بەخۆدا هەڵگوتن و ڕاڵەخۆبوون لە کاتی قسەکردن و ڕەفتارکردندا (مجید، 2008، 91).

11. لە دەربڕینی هەست و سۆزدا دوو دۆخی جیاوازی هەیە، یەکێکیان بریتییە لە زێدەڕۆیی لە هەست و سۆزدا، وەکو (تووڕەیی، تۆڵەسەندنەوە، جۆش و خرۆش و پەرۆشی و .....). لە هەمان کاتیشدا هەست و سۆزی بۆ ئەوانی تر زۆر لاوازە و ناتوانێت درک بەو هەست و سۆز و ئێش و ئازارە بکات کە بەرانبەرەکەی هەیەتی (البحيري، 1987، ٤٨).

12. خاوەنی ئەم جۆرە کەسێتییە لە بارودۆخێکی وا دایە کە بەردەوام گومان دەوروژێنێت و هەمیشە پێیوایە ئەوەی ئەو دەیڵێت و ئەو دەیکات ڕاست و دروستە.

13. ئیرەیی بردن بە ئەوانی تر و ڕق لێبونەوەیان و دەرخستنی خۆشەویستی بۆیان لەپێناو شاردنەوەی دوژمنایەتی و ڕق لێبوونەوە و ئیرەیی بردنەکە.

14. حەزی خاوەنداریێتی، واتە حەزەکات خاوەنداریێتی هەموو قسە و ڕەفتار و شتە باش و دیار و کاریگەرەکان بکات و بە هی خۆیان بزانێت (مجید، 2008، 91-93).

ئەم خەسڵەت و سیفەتانە مەرج نییە هەر هەمووی لە کەسی توشبوو بە گرێی نێرگسیزمدا هەبن، دەشێ هەندێکیان هەبن و هەندێکی تریان لەو جۆرە کەسانەدا نەبن، بۆیە بوون و نەبوونی ئەم خەسڵەتانەی کە گرێی نێرگسی پێ دەناسرێتەوە لەو کەسانەی ئەم گرێیە دەروونییەیان هەیە مەسەلەیەکی ڕێژەییە، چونکە دەشێ بەشێک لەو خەسڵەت و سیمایانە لە مرۆڤی ئاساییشدا هەبن.

## 2.2: شیعر و نێرگسیزم:

### 1.2.2: شیعر و شاعیر و گرێی نێرگسیزم:

شیعر وەک جۆرێکی سەرەکی ئەدەب پێوەندییەکی بەهێزی بە دەروونی مرۆڤەوە هەیە، ئەم پێوەندییەی نێوان شیعر و مرۆڤ لە دوو جۆردا دەردەکەوێت، جۆرێکیان بریتییە لە پێوەندی نێوان شیعر و دەروونی مرۆڤی داهێنەر، کە مەبەست دەروونی داهێنەر و دەقنووسە، کە لەم توێژینەوەیەدا زیاتر ئەم جۆرەیان مەبەستە. ئەوی تریان، بریتییە لە پێوەندی نێوان شیعر و دەروونی مرۆڤی خوێنەر یان وەرگر، لەو ڕوانگەوە کە دەقە شیعرییەکە (یان ئەدەب بەگشتی) کاریگەری و شوێنەوارێک لەسەر دەروونی وەرگرەکانی جێدێڵێت، کە ئەمەیان بابەتێکی ترە.

ئەگەر لە پێوەندی جۆری یەکەمەوە لە بابەتەکە بڕوانین دەبینین کە شیعر پێوەندییەکی توندی بە دەروونەوە هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی دەروونییەوە شیعر ڕەنگدانەوەی دەروونی دەقنووسە و دەروونی هەر دەقنووسێک کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر داهێنانی دەقی شیعریدا هەیە. بۆیە هەر دۆخ و حاڵەتێکی دەروونی، یان هەر نەخۆشی و گرێیەکی دەروونی لە کەسێتی دەقنووسدا هەبێت، ئەوا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، چونکە ((ئەمڕۆ زۆربەی لێکۆڵینەوە دەروونییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کەسێتی داهێنەر لە بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیری بگرە بوارەکانی تریشدا کەسێتی تایبەتییە و خەسڵەتی دەروونی هەن لە کەسانی تری جیادەکەنەوە. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە چەندین دۆخی دەروونی ناڕێک هەن دەبنە هۆی دروستبوون و پەیدابوونی داهێنانی جۆراوجۆر لای ئەدیب و هونەرمەند)) (بەرزنجی، ٢٠١٤، ٩٤). هەڵبەت گرێی نێرگسیزمیش بەشێکە لەو گرێ و شڵەژانە دەروونییانەی لای شاعیران بە هۆکاری جۆراوجۆر سەرهەڵدەدەن و لە بەرهەمە شیعرییەکانیاندا دەردەکەون و کاریگەرییان لەسەر داهێنانی شیعری شاعیراندا دەبێت.


یەکێک لەو دیاردە دەروونییانەی بەشێوەیەکی فراوان لە ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی ڕەنگی داوەتەوە، بریتییە لە مەسەلەی (نێرگسیزم) و پەشێوی کەسێتی نێرگسیزمی لە ئەدەب و شیعردا ((ڕۆحی نەرگسیزمی مۆدێرن لە نێو بەشێکی بەرفراوانی ئەدیب و نووسەران و هونەرمەنداندا هەیە و ئەمەش لە زۆرێک لە بزووتنەوە و بزاڤە هونەرییە تایبەتییەکان و ڕێبازی سوریالیزم و ئەدەبیاتی دانپێدانان و ئەدەبی بیرەوەری و ژیاننامەدا ڕەنگی داوەتەوە. هەندێک لە نووسەران پەنا دەبەنە بەر شێوازی نووسینی ژیاننامە و بیرەوەری و لە بریتی ئەوە دەبینیت کە لە باسکردنی خۆیان و ئەزموونەکانیان و پیشاندانی خودی خۆیان ڕۆدەچن و نغرۆدەبن، بەو هیوایەی خوێنەر بوروژێنن، ڕەنگە بەم شێوازە بیانەوێت سەرنجی خوێنەر بکەنە ئامانج نەک تێگەیشتنەکەی)) (عبید، ١٩٩١، ٧5). کاتێک ئەڵێین ئەم شلەژان و پەشێوییە دەروونییە لەنێو ئەدەب و شیعردا بە فراوانی بوونی هەیە، هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە ((نێرگسیزم لە ئەدەبدا بریتییە لە شانازیکردن و خۆبەزلزانین و سەرسامبون بە خود و پیاهەڵدان لە ڕێی کردەوەکان و سەرسامبون پێیان، و هەروەها زۆر بەکارهێنانی ناوی خۆی و نازناوەکەی و خستنەڕووی خودخۆشەویستی خۆی بۆ خۆی و خۆشەویستی ئەوانی تر بۆی)) (لمراسکي و آخرون، 2021، 519)، کەواتە ئەو شیعرانەی ناوەرۆکەکانیان بریتییە لە شانازیکردن و پیاهەڵدان و سوپاس و ستایشکردن و خود خۆشەویستی و خۆبەگەورەزانین و زەقکردنەوەی خود و ئەو شیعرانەی کە ڕاناوی سەربەخۆی من و ڕاناوی لکاوی (م) بە فراوانی بەکاردێنن و ئەو شیعرانەی شاعیر بە فراوانی ناو و نازناوی خۆی تێدا بەکارهێناوە، هەموو ئەمانە بەشێک لە نێرگسیزمیان تێدایە و کەسێتی نێرگسی شاعیری تێدا دەردەکەوێت، وەک ئەوەی شلیگل Shlegel دەڵێت: ((هەموو شاعیرێک نێرگسییە چێژ لە خۆشەویستی خودی خۆی دەبینێت)) (تادییە، 1993، 201)، لەبەر ئەمەشە کە مەسەلەی خۆشویستنی خود و شانازیکردن و بەخۆداهەڵگوتن بەشێکی فراوان لە شیعری شاعیران دەگرێتەوە.

### 2.2.2: (نالی) و گرێی نێرگسیزم و شانازیکردن بە خود:

(نالی) چ وەکو کەسێتییەکی ئاسایی و چ وەکو شاعیرێکی داهێنەر، ئاساییە ئەگەر بەشێک لە خود خۆشەویستی یان گرێی نێرگسیزمی هەبێت، چونکە ئەمە لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە و لە دەروونناسیشدا دەوترێت بوونی کەمێک لە هەستی نێرگسییانە لە مرۆڤدا شتێکی ئاساییە و یەکێکە لەو غەریزانەی مرۆڤ هەیەتی و بەهۆیەوە خۆی لە زۆر شت دەپارێزێت، بەڵام کاتێک ئەم هەستە یان ئەم دیاردەیە لە کەسێتی مرۆڤدا ڕێژەکەی زۆر بوو و نائاسایی بوو، ئەوا ئەستەمە ئەو کەسە وەک مرۆڤێکی ئاسایی ڕەفتار و مامەڵە لەگەڵ دەوروبەری خۆی بکات، چونکە دواجار ئەمە ئەبێتە پەشێوی و شڵەژان لە کەسێتی و رەفتار و گوفتار و شێوەی مامەڵەکردنی کەسەکە.

ئێمە لێرەدا، دەمانەوێت بڵێین بەشێک لە سیماکانی گرێی نێرگسیزمیی لە هەندێک لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێن و کەسێتی نێرگسیزمی (نالی) لەو شیعرانەدا پیشان دەدەن، کە هەندێک جار ڕەنگبێت ئەم دیاردەیە لە شیعرەکانیدا ئاسایی بێت و وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی ئەم دیاردەیەی لە ڕێی شیعرەکانییەوە دەربخات. هەندێک جاریش نائاسایی دەردەکەوێت، چونکە هەست بە بوونی جۆرێک لە تورەیی و شڵەژان و پەشێوی کەسێتی شاعیر و هەرەشەکردن لەوانی تر و بەکەم زانینیان و خۆ بەگەورەزانینی خودی (نالی) ئەکرێت. بە تایبەتیش کاتێک مەسەلە دێتە سەر بەراوردکردنی خودی خۆی بە ئەوانی تر، یان بەراوردکردنی ئەزموون و توانستی خۆی بە ئەوانی تر، یان بەرگری کردن لە خودی خۆی و کارامەیی شاعیرێتی و شیعرەکانی و بیر و تێڕوانین و شتە تایبەتییەکانی خۆی.

لەم ڕوانگەیەوە (نالی) خودی خۆی بەشێوەیەک بە بەرز و گەورە پیشان دەدات و خودی خۆی بە جۆرێک زەق دەکاتتەوە، وەک ئەوەی کەسێک نەبێت هاوشان و هاوهێز و هاوتوانای ئەو بێت، لەمەوە بە چاوێکی سوک و کەم سەیری ئەوانی تر دەکات. لەم لایەنەوە (نالی) شانازییەکی زۆر بە خودی خۆی و کارامەیی شاعیرێتی خۆی دەکات. ئەگەر سەیری ئەم دیاردەیە لای (نالی) بکەین، دەبینین ئەو لە ڕێچکەی شاعیرانی پێش خوی لایداوە، چونکە ((شانازیکردن لای شاعیران لە خۆیانەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە باب و باپیر و هۆز و عەشرەت و میللەت و نەتەوەیان. ناوەرۆکی ناز و نیاز و شانازی و خۆ هەڵکێشانی تێدایە، بەڵام نالی لەم مەبەسەدا لە ڕێچکەی شاعیرانی تر چۆتە دەرەوە، بەوەی تەنیا شانازی بەخۆیەوە کردووە، لە خۆشیدا شانازی بەوە کردووە شاعیرێکی چاک و مەزنە)) (خەزنەدار، ٢٠٠٣، ٧٦)، کەواتە لە مەبەستە جۆراوجۆرەکانی شانازیکردن لە شیعری کلاسیزمدا کە خۆی لە شانازیکردن بە (خود، باب و باپیران، بنەچە و ڕەگەز، هۆز و تیرە و عەشیرەت، میللەت و نەتەوە، مێژوو، کۆمەڵگا و ..... هتد)، کە ئەمانە لای زۆرێک لە شاعیرانی ئەدەبی کۆنی کوردیدا بەرچاو دەکەون، لای (نالی) تەنیا شانازیکردن بە خود و لەمەشەوە شانازیکردن بە شاعیرێتی خۆی دەردەکەوێت.




کاتێک دەڵێین نێرگسیزم لە ئەدەب و شیعردا خۆویستی و خود خۆشەویستی و سەرسامبوونە بە خود، ئەمە مانای وایە بەشێکی زۆری ئەو شیعرانەی دەلالەتی شانازییان هەڵگرتووە بەشێکن لەو سەرسامبوونە بە خود، هەروەها ئەمە نەریتێکی ئەدەبییە کە بەشێکی زۆری شیعری کۆنی بەخۆیەوە بینیووە و ئێمە چەمکێکی وا لە بارەی نێرگسیزمەوە بە فراوانی لە شیعری شاعیرانی کۆندا دەبینین، بەگشتی شیعری شانازی بەسەر دوو جۆردا دابەش بووە: شیعری و ناشیعری، لە هەردوو باریشدا شاعیر لە بارودۆخە هەستیارەکاندا شانازی وەک ئامرازێکی بەرگریکردن لە خود یان هێرشکردنە سەر ئەوانی تر بەکاردێنێت و بە بەکارهێنانی زمانە هونەرییەکەشی ئەو بەها و لایەنە جێگیر و نەگۆڕانەی هەیەتی پیشان دەدات و باسی وروژاندن و بارودۆخە دەروونییەکانی خۆی دەکات (مسبوق و دیگران، ١٣٩٤، ٨٤). ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە بمانەوێ و نەماوێ زۆرێک لە شاعیران شانازی بە خۆیان و پێگە و کەسێتییان و کار و چالاکی و زانست و زانیاری و بەرهەمە شیعرییەکانیان و زمان و نەتەوە و ژیان و بنەچەی خۆیان دەکەن و هەموو ئەمانە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پێگەیاندنی کەسێتی داهێنەری شاعیر و داهێنانی شیعرەکانیدا هەیە.

ئەو هۆکارانەی وایان کردووە (نالی) نێرگسیزمانە لە هەندێک لە شیعرەکانیدا دەربکەوێت و شانازییەکی نێرگسیزمییانە بە خۆی و داهێنانە شیعرییەکانی خۆی بکات خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە، کە لە خوارەوە ئەیانخەینە ڕوو:

-ئەو ژینگە و کۆمەڵگا و سەردەمەی (نالی) تێیدا ژیاوە:

(نالی)ی شاعیر لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لە ناوچەی شارەزوور و سلێمانیدا ژیاوە، ئەو ناوچانەش لە ڕووی سیاسییەوە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوون، لەو سەردەمەشدا کورد وەکو نەتەوە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵام خاوەن چەندین میرنشینی سەربەخۆ بووە. ئەو میرنشینانەش یان لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان، یان لەژێر دەسەڵاتی فارسەکاندا بوون. یەکێک لەو میرنشینانەش کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بووە، میرنشینی (بابان) بووە. (نالی)یش وەکو کوردێکی باشوری کوردستان لە سەردەمی میرنشینی بابان و لە ژێر دەسەڵاتی ئەو میرنشینەدا ژیاوە. ئەو سەردەمەی (نالی) تێدا ژیاوە زمانی کوردی لە ڕووی هەژمون و پێگە و قورساییەوە زمانێک بووە دژایەتی کراوە و بە چاوێکی کەم سەیر کراوە (ئەگەرچی لە سەدەکانی پێشوتر و پێش (نالی) بە زمانی کوردی و زارەکانی لوڕی و گۆرانی و کرمانجی ژووروو شاعیرانی کورد شیعریان وتووە). لە لایەکی ترەوە، بەشێک لە مەلا و ڕۆشنبیر و نووسەر و زاناکانی ئەوکاتیش بایەخیان بەم زمانە نەداوە و کەم نوسەر و شاعیر و مەلا و ڕۆشنبیری وا هەبووە بەو زمانە بەرهەمە ئەدەبی و زانستی و ئایینییەکانی بنووسێت و زیاتر ڕوویان لە زمانی عەرەبی (وەکو زمانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام) بە پلە یەک و زمانی فارسی (وەکو زمانی ئەدەبیات لەو سەردەمە) بە پلە دوو و کەم کەمەش زمانی تورکی (وەکو زمانی دەسەڵات و داگیرکەری ئەوکات) کردبوو، . لە هەمان کاتیشدا کاریگەری و هەژمونێکی زۆری زمانانی عەرەبی و فارسی و تورکی بەسەر زمانی کوردیدا هەبووە و نەتەوە سەردەستەکانی وەکو عەرەب و فارس و تورک (چ لەسەر ئاستی دەسەڵات و سیاسەت، چ لەسەر ئاستی کولتور و زمان و هۆشیاری نەتەوەیی و کۆمەڵگا و تاک) هەوڵیان داوە لە پێگە و گرنگی زمانی کوردی کەم بکەنەوە و زمانەکە لەبەر چاوی کوردزمانان (لەسەر ئاستی زانا و مەلا و ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیران و خەڵکی ئاسایی) بخەن، بۆیە ((ماوەیەکی زۆربوو، کوردستانی لەت لەت، کەوتبووە بەر ژەهر بەسەرداکردنی دوژمنانی، بە هەموو لایەک وایان دەکرد زمان و ئەدەبی کوردی قات و قڕ ببێ، یەکێ لەو هەوڵانە ئەوەبوو، لەناو نیمچە خوێندەوارەکاندا بڵاویان دەکردەوە، گۆیا (عارەبی جەوهەرەست، فارسی شەکەرەست، تورکی هونەرەست، کوردی ...ی خەرەست))) (گەردی، ١٩٨٧، ٨١). ئەمە لە کاتێکدا بووە کە خەڵکەکە هۆشیارییەکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆیان نەبووە ڕووبەڕووی ئەم جۆرە سیاسەتە لە دژایەتیکردنی زمانەکەیان ببنەوە و بایەخ بە زمانی کوردی بدەن، بۆیە دەبینین لەو سەردەمەدا و لەو ناوچە و ژینگەیەی کە (نالی) تێدا ژیاوە، نەک هەر ئەو دەسەڵاتە سیاسییە بێگانانەی لەو ناوچانەدا حوکمیان کردووە، بەڵکو تەنانەت بەشێک لە مەلا و ڕۆشنبیر و نووسەر و شاعیر و بەشێک لە خەڵکی ئاسایی ئەوساش دژایەتی نووسین و شیعر و ئەدەبیات نووسینیان بە زمانی کوردی (بەتایبەت کرمانجی ناوەڕاست) کردووە و گاڵتەیان بەو شیعرانە کردووە کە بەو زارەی زمانی کوردی وتراون، بەڵگەش بۆ ئەمە هەر ئەم شیعرەی (نالی) و چەند شیعر و دێرە شیعرێکی تری شاعیرە، کە تیایاندا بەرپەچی ئەوانە دەداتەوە کە لە شیعرەکانی تێناگەن و گاڵتە بە شیعری (نالی) دەکەن و لە بەهای شیعرەکانی کەم دەکەنەوە و توانجی تێدەگرن و زمانی کوردی بە شایانی شیعر نووسین نازانن! کە ئەمەش کاریگەری ئەو هەژموون و ململانێیەی نەوەکانی دەوروبەری کورد و سەپاندنی هەژموونی زمانەکانیان بەسەر زمانی کوردیدا و بەکەم سەیرکردنی زمانی کوردی بەسەر کەسێکی وەکو (نالی)دا کە پەروەردەی ئەم ژینگەیە بووە بە ئاشکرا دیارە.

(نالی) بەم شیعرە و شیعری تریش بەرگری لە خودی خۆی و شیعرەکانیشی دەکات و ئەوە ئەسەلمێنێت کە شیعر وتن بە زمانی کوردی و زاری کرمانجی ناوەڕاست هیچی کەتر نییە لە شیعری کۆنی عەرەبی و فارسی و تورکی ((شیعرنووسین لەلای نالی، وەکو بونیاتێکی سەرەکی و کێشەیەکی گەورە تەماشای کراوە، نالی بەردەوام بەدوای جوانترین زماندا دەگەڕا، کە لە زمانی پێش خۆی جیاوازتر بێت و هەوڵیشی داوە شیعرییەتی پێ بخاتە نێو چوارچێوەیەکی هونەرییەوە، تا زمانە شیعرییەکە ئاماژە و دەلالەتی زۆرتر بگرێتەخۆی و لە پانتایی ئەندێشە و خەیاڵی شیعریدا، مەبەستەکەی بە خوێنەر بگەیەنێت، زمان لەلای نالی سەلماندنی زات و ناسنامەی بوونی نەتەوەیە)) (کریم، ٢٠٠٨، ١٢). بۆیە شانازی بەوە دەکات کە شاعیرێکی شارەزا و بە ئەزموونە و بەو زمانە شیعری وای تۆمارکردووە، کە هەموو کەسێک لێی تێناگەن و ئاستی شیعرەکانی بۆ زۆرێک لە خەڵکی و تەنانەت بۆ هەندێک بەناو ڕۆشنبیر و شاعیری سەردەمی خۆی زۆر بەرزتر بووە، هەر بۆیە (نالی) خۆی دان بەوەدا ئەنێت کە شیعرەکانی وەکو دەریایەکی قوڵ وان

پڕە لە دوڕ و گەوهەر و یاقوت و بەردی بەنرخ و گرانبەها و پێویستی بە دەریاگەڕی بەتوانا و شارەزا هەیە بۆ دەرهێنانی، واتە پێویستی بە وەرگری شارەزا و لێهاتوو و قوڵبین هەیە تا لێیان تێبگات. ئەم شانازیکرنەی (نالی) شانازیکردنێکی نێرگسیزمانەیە و لە ئەنجامی بەرگریکردن لە خۆی و شیعرەکانی و زمانی کوردی سەریهەڵداوە. ئەم بەرگریکردنەش لە خۆی و شیعرەکانی و خۆ زەقکردنەوە و بەرزکردنەوەی وێنای خودی خۆی لە ئەنجامی ئەو هێرشانەوە بووە کە لە سەردەمی خۆی و لەو دەوروبەرەی کە تێیدا ژیاوە کراوەتە سەری و ئەمەش کاریگەری لەسەر دەروونی شاعیر هەبووە، بۆیە ئەو هەستی شانازیکردن بە خود و بە سەنتەرکردنی خودی خۆی بەرانبەر ئەوانی تر کە لە نائاگایی شاعیردا پەنگی خواردۆتەوە و بۆتە سەرچاوەی داهێنان، بە شیعر بەتاڵی کردۆتەوە.

-هۆکاری دەروونی:

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی ڕۆڵیان هەبووە لە زەقبوونەوەی خود خۆشەویستی و گرێی نێرگسیزمی لای (نالی)، بریتییە لەوەی (نالی) وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی لە ماوەی ژیانیدا و لەمیانی ئەو هەڵوێست و ڕووداو و گۆڕانکاریانەی ڕووبەڕووی ئەبنەوە، ئاسایی جۆرێک لە خود خۆشەویستی لا سەرهەڵدەدات، کە ئەمەش پەیوەستە بە گۆڕانکارییەکان کە لە قۆناغە جیاوازەکانی جەستەیی و دەروونی مرۆڤەکاندا ڕوودەدات، بەتایبەت بەرانبەر هەندێک هەڵوێست و ڕووداو و گۆڕانکاری، بۆیە (ئەلکیند) پێیوایە کە مرۆڤ بە هۆی ئەو گۆڕانکارییە دەروونی و فیزیۆلۆژیانەی کە پێیدا تێدەپەڕێت، چەقی بایەخ پێدانەکانی لەسەر خودی خۆیدا دەبێت، چونکە ناتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان ئەوەی ئەوانی دیکە بیری لێدەکەنەوە لەگەڵ بیرکردنەوەکانی خۆی و ئەو گریمانەی ئەوە دەکات کە ئەوانی دیکە بە هەمان ڕادەی بیرکردنەوەکانی خۆی سەرقاڵی ڕەفتار و گوفتار و ئەزمون و کارەکانی ئەون (Elkind, 1999, 1027). ئەمەش دەبێتە هۆی جۆرێک لە بەسەنتەربوونی خود و لە کۆتاییشدا ئەمە سەردەکێشێت بۆ زەقبوونەوەی دیاردەی نێرگسیزم لەم جۆرە مرۆڤانەدا.

کاتێک مرۆڤێک ڕووبەڕووی خەڵکانێک و دەوروبەر و ناوەندێکی تازە و نامۆ دەبێتەوە کە جیاوازیێکی زۆری لەگەڵ ئەو خەڵکانەی ئەو پێشتر دەیناسین و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکردن، هەروەها ئەو دەوروبەر و ناوەندەش کە پێشتر ئەو مرۆڤەی تێدا ژیاوە، ئەمە وا لە مرۆڤ دەکات هەوڵبدات پارێزگاری لە خۆی بکات و ڕووبەڕووی هەر پێشهاتێکی نەخوازراو ببێتەوە و دواجاریش توشی بەسەنتەربوونی خودی ببێت و ببێتە هۆی نێرگسییەتی کەسەکە، کە زۆرجار (ئەو – ID)ی مرۆڤ ڕۆڵیکی سەرەکی ئەگێڕێت لە سەرهەڵدانی ئەم گرێ دەروونییە، ئەمەش وەک پەرچەکردارێک بەرانبەر هەر ڕەفتار و گوفتارێکی دوژمنکارانە یان خۆ بەزلزانانە و بە کەم سەیرکردنی ئەوانی تر، کە لە دەوروبەرەکەیەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بۆیە هەر کەسێک کە ڕەفتار و گوفتارێکی دوژمنکارانە و شکاندنەوە و ڕووشاندنی کەسێتی بەرانبەر بکرێت، ئەوا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێی (ئەو)ەوە دوو غەریزە چالاک دەکرێن، کە یەکێکیان غەریزەی بەرپەچدانەوەیە و کەسەکە هەوڵ دەدات بەرگری لەخۆی بکات و بەرپەچی ئەو ڕەفتار و گوفتارە دوژمنکارییانەی بەرانبەرەکەی بداتەوە. غەریزەکەی تریشیان بریتییە لە غەریزەی توڕەبوون و پاشان تۆڵەکردنەوە کە لە نائاگایی کەسەکەوە لە ڕێی هاندانی (ئەو)ەوە ئەیەوێت بێتە نێو ئاگایی و کەسەکە هەوڵدەدات خودی خۆی بەرانبەر ئەو ڕەفتارانەی دەوروبەری چالاک بکاتەوە و بە ڕووکارێکی تر خۆی پیشانی دەوروبەرەکەی بداتەوە، ئەمەش لەڕێی پاڵنەری دەروونی بەرگریکردن لە خود.

هەندێک جار، ئەم هەستانە لەمیانی ئیرەیی بردن و بەکەم سەیرکردنی ئەوانی دیکەوە دروست دەبێت، بۆ نموونە هەندێک لە لە مرۆڤەکان ئەو هەستەیان هەیە کە خۆیان لەوانی تر بە گەورەتر و چالاکتر و باشتر ئەزانن و قسە و کار و کردەوەی خۆیان پێ لە هەموو کەس باشتر و چاکتر و دروستترە، بۆیە ئیرەییش بە هەموو شتێک ئەبەن کە لە دەوروبەری خۆیاندا دەیبینن و لە هی خۆیان باشتر دێنە بەرچاو، بۆیە مرۆڤ زۆرجار لەم ئیرەیی بردنەوە توشی گرێی نێرگسیزمی ئەبێتەوە. زۆرجاریش ئەم ئیرەیی بردنە ئەبێتە سەرچاوەی دروستبوونی ئیرەیی بەرانبەر و توڕەیی و ڕق لیبوونەوە و هەوڵی تۆڵەکردنەوە و توانج تێگرتن. بۆیە بەگوێرەی تیۆرەکەی (سیگمۆند فرۆید) لەبارەی تێکچوونی کەسێتی نێرگسییەوە، ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە کەسی نێرگسی بە ئیرەیی بردن بە کەسانی دیکە و خۆ بەزلزانین و خۆ بەباشترزانینی بەرانبەریان دەناسرێتەوە. بەمەش دۆخەکە بۆ سەرهەڵدانی ئەم شیعرە و گرێی نێرگسیزمی (نالی) دوو لایەنە، یەکێکیان، پێوەندی بە ئەوانەوە هەیە (بەتایبەت ئەو شاعیر و مەلایانەی لە (نالی)یەوە نزیک بوون) کە ڕەخنەیان لە (نالی) گرتووە و توانجیان لێداوە و گاڵتەیان بە شیعرەکانی کردووە، چونکە بەزمانی کوردی شیعری داناوە، بەمەش هەم ئیرەییان بە شیعرەکانی (نالی) بردووە، چونکە وەک ئەویان پێنەکراوە و نەیاتوانیووە پێش (نالی) بەم شێواز

و زارە کوردییە داهێنانێکی شیعری وەک (نالی) بکەن، یان بینیوویانە خەڵک پێشوازی لە شیعرەکانی (نالی) دەکەن و وەڵامدانەوەیان بۆ شیعرەکانی هەیە، بەتایبەتیش لەنێو چینی مەلا و فەقێ و موستەعیدەکانی نێو مزگەوتەکانی سلێمانی و دەوروبەری. بۆیە هەم خۆیان لە (نالی) بە باشتر زانیووە، چونکە پێدەچێت شیعرییان بە زمانانی تر هەبووبێت، یان شیعری خۆیان لە ئەو بە باشتر زانی بێت و هەوڵیان داوە بە توانج تێگرتن و گاڵتەپێکردن بە (نالی) و شیعرەکانییەوە (نالی) لە گۆڕەپانەکە دووربخەنەوە.

ئەوی تریشیان، پێوەندی بە خودی (نالی) و دۆخی دەروونی (نالی)یەوە هەیە، کە لە ئەنجامی ئەم گاڵتەپێکردن و توانج تێگرتنە توشی جۆرێک لە دڵەڕاوکێ و تورەیی بردووە، کە هۆکارەکەشی ئەو ترسەی شاعیر بووە لەوەی بازنەی ڕەخنەگرتن و توانج تێگرتنەکان لە دژی فراوانتر بن؛ بەمەش دڵەڕاوکێ و دوودڵییەکەی زیاتر بووە، ترسەکەشی هەم ترسێکی دەمارگیری و هەم ترسێکی ئاکاری بووە، بۆیە (نالی) پەنای بۆ ئەم شیعرە بردووە و هەوڵیداوە چارەسەری ئەو دڵەڕاوکێ و دۆخە نوێیە ببێتەوە کە بۆی هاتۆتە پێش، ئەمەش لە ڕێگەی داهێنانی ئەم شیعرەوە؛ وەک (فرۆید) ئاماژەی بە دەروونی ئەم جۆرە کەسانە کردووە کە، بۆ چارەسەری دۆخە دەروونییەکەیان پەنا بۆ کۆمەڵێک ڕێگا دەبەن (وەک لە پێشتردا ئاماژەمان پێکرد). (نالی) لەمیانی ئەم دەقە شیعرییەوە هەوڵیداوە:

- ✓ خودی خۆی لەسەر حیسابی ئەوانی تر بسەلمێنێت، ئەمەش لە ڕێگەی داهێنانە شیعرییەکانییەوە. وەک ئەوەی لەم دەقە شیعرییەدا وردی و بەتوانایی و دەستڕەنگینی و شارەزایی و لێهاتوویی خۆی لە داهێنانی شیعردا سەلماندووە.
- ✓ دۆزینەوەی جێگرەوەیەک بۆ ئەو توانج و گاڵتە و هێرشانەی لەلایەن دەوروبەرەکەیەوە ئاراستەی کراوە و (نالی)یان پەراوێز خستووە، ئەویش لە میانی بەکارهێنانی میکانیزمی باڵابوونەوە، کە میکانیزمێکی بەرگری دەروونییە و دەکرێت غەریزە و حەز و ئارەزووە نەگونجاو و نەخوازراوەکان بگۆڕێت بۆ دەستکەوتی بەسوود و ئەرێنی و خوازراو و گونجاو، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی هەست و غەریزەکانی دڵەڕاوکێ و دوودڵی و تورەیی و ترس و ..... هتد و سەلماندنی خودی خۆی و بەهرە شیعرییەکانی.

(نالی)یش چ لەبەر سانسۆرەکانی (منی باڵا) و چ لەبەر سانسۆر و ڕێگرییەکانی واقیع، نەیتوانیووە ڕاستەوخۆ وەڵامێکی توندی ئەو کەسانە بداتەوە و ململانێ و دەمەقاڵێیان لەگەڵدا بکات، بۆیە پەنای بۆ میکانیزمی بەرگری دەروونی بردووە و هەستە پەنگخواردووەکانی دەروونی خۆی بەرانبەر ئەو کەسانەی گاڵتەیان بە شیعرەکانی کردووە و پلار و توانجیان لە کارامەیی شاعیرێتی (نالی) و شیعرەکانی داوە گۆڕیوە بۆ شیعرێک و بە شیعری (طەبعی شەککەرباری من) وەڵامی داونەتەوە. بۆیە ((ئەگەر لەم پارچە شیعرەی نالی بڕوانین ئەوە هەستی بەرگری کردنی خودی دەبینین، کاتێک نالی ڕووبەڕووی ڕەخنە و توانج لێدان بووەتەوە لە لایەن کەسانێک بەهۆی نوسینی شیعر بە زمانی کوردی ئەوا نالی لە ژێر فشاری ئەم پاڵنەری شەڕخوازییە هەڵدەستێت بە تێرکردنی حەزی بەرگری کردن لە خود، بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێگەی شانازی کردن بە توانای شیعر نووسینی خۆیەوە بەم پارچە شیعرە بەرگری لە توانا و شاعیریەتی خۆی دەکات)) (مەلازادە، ٢٠١٦، ٤٢٩).

لایەنێکی تر کە پێوەندی بە دەروونی (نالی)یەوە هەیە و وایکردووە لەم دەقە شیعرییەیدا نێرگسییانە دەرکەوێت و خۆی بکاتە سەنتەری داهێنانی شیعری و کەس لەخۆی بە باشتر نەزانێت لەم بوارەدا، بریتییە لەو ((حاڵەتی لەت بوونەی نێوان (ئێمە) و (ئەوان)ی فارس و تورک و عەرەب، بووە مایەی بزواندنی ئەو هەستی خۆ بەکەم زانینەی کە باڵادەستی (ئەوان)ی لە شیعردا و لووت بەرزیان لەو ڕووەوە لە لایەک و تێڕوانین و ڕەفتاریان بەرانبەر کورد لە لایەکی ترەوە، لە دەروونی نالی دا قۆزاغەی بەستبوو)) (عەلی، ٢٠١٤، ٥٦). ئەمەش لە ڕووی دەروونییەوە وای لە شاعیرێکی وەکو (نالی) کردووە هەست بە گرێی خۆ بەکەم زانین بکات بەرانبەر ئەدەبیاتی نەتەوەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی، کە ئەوکات بەناوبانگ و بڵاو بوون و خەڵک پێشوازییەکی گەرمی لە شاعیرانی ئەم ئەدەبیاتانە کردووە و خوێنەر و پشتیوانێکی زۆریان هەبووە؛ چ لەنێو خەڵک وەکو خوێنەر و وەرگر و چ لەنێو دەسەڵاتدارەکانی ئەوسا کە حەزیان بە شیعر خوێندنەوە بووە (بەتایبەت ئەو شیعرانەی بۆ دەسەڵاتداران نووسراون)، (نالی)یش ئەگەرچ کورد زمان بووە و زانیویەتی ئەگەر بە زمانی کوردی شیعر بڵێت ڕەنگبێت نەبێتە جێی سەرنجی خەڵک و پێشوازییەکی باشی لێنەکرێت لەلایەن خوێنەرانی کوردەوە (وەک ئەوەی شاعیرانی نەتەوەکانی تر لێیان کراوە)، بەڵام هەر هەوڵی خۆی داوە، بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەمە بکاتەوە و بیسەلمێنێت کە نەک هەر بە زمانی کوردی بگرە بە زمانانی (فارسی و تورکی و عەرەبی)یش توانای دانانی شیعری هەیە.

## 3: سیماکانی نێرگسیزم لە دەقی (طەبعی شەککەرباری من)ی (نالی)دا:

### 3.١: دەقە شیعرییەکە:

| |
|---|
| طەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشـــا دەکا |
| ئیمتیحانی خۆیە مەقصـــودی لە عەمـــدا وا دەکا |
| یا لە مەیدانی فەســـاحەتدا بە میثلی شـــەهسوار |
| بێ تەئەممول بەو هەمـــوو نەوعە زوبـــانی رادەکا |
| کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خـــــۆکردییە |
| هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعـــنا دەکا |
| بێتە حوجرەم پارچە پارچەی موسوەدەم بکرێ بە ڕۆح |
| هەر کەسێ کوتاڵ و پارچەی بێ بەدەل ســـەودا دەکا |
| شیعری خەلقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نـــازکی؟! |
| کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هـــەودا دەکا؟! (نالی، ١٩٧٦، ١٠٦-١٠٧) |

لەم شیعرەی (نالی)دا، گرێی نێرگسیزم وەکو گرێیەکی دەروونی ئامادەیی هەیە و کەسێتی نێرگسیزمی (نالی) لەم شیعرەیدا بە تەواوی زاڵە و (نالی) هەر لە دێری یەکەمی شیعرەکەیەوە تا کۆتا دێر شانازی بە توانست و توانای خۆی لە داهێنانی شیعری شیعروتن بە زمانی کوردی دەکات و داوا لەوانە دەکات کە شاعیرن، یان وەرگر و خوێنەری دەقی شیعرین و بایەخ بەو بوارە دەدەن، یان وەرگری ئاساییں و تەنیا خوێنەر و وەگرێکی ئاسایی شیعرن، توانست و توانای داهێنانی ئەو بە کەم نەزانن و گاڵتە بە زمانی شیعرەکانی نەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش داوایان لێدەکات بێنە پێشەوە و ڕاستەوخۆ (نالی) خۆی ببینن تا لە نزیکەوە هێز و توانای داهێنانی شیعری لای (نالی) ببینن.

### 3.2: نێرگسیزم لە شانازیکردن بە داهێنان و بەهرەی خودی:

یەکەم دەسپێکی هەنگاوی (نالی) بریتییە لە خۆدەرخستن و زەقکردنەوەی خود و شانازیکردن بە توانست و بەهرەی شیعردانان و تاقیکردنەوەی خودە بۆ ئەنجامدانی کارێک کە بۆ خودی شاعیر و ئەو دەوروبەرەش کە زەوق و چێژ و سەلیقەی ئەدەبییان بەرانبەر شیعر بە (زمانی کوردی ـ کرمانجی ناوەڕاست) تازەیە و ئەزمونێکی نوێیە. چونکە مێشک و زەوق و سەلیقەیان زاخ دراوە بە شیعری (فارسی و عەرەبی) و کەم کەمەش (تورکی)، بۆیە ئەستەم بووە بۆیان پێشوازی لەو جۆرە شیعرانە بکەن کە (نالی) دەیخاتە بەر چاویان. بۆیە (نالی) بە کورتی وەسفێکی سروشت و زەوق و سەلیقە و کەسێتی داهێنەری خۆیمان بۆ دەکات و دەڵێت:

| |
|---|
| طەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشـــا دەکا |
| ئیمتیحـــانی خۆیە مەقصـــودی لە عەمـــدا وا دەکا (نالی، ١٩٧٦، ١٠٦) |

(نالی) وەک ئەوەی مامۆستایان (عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریمی کوڕی) ڕاڤەیان کردووە: دەڵێت ئەو سروشت و زەوقە شیرینەی من کە بەلای ئەوەدا ئەچێ بە کوردی شیعر بڵێ، لەبەر ئەوە نییە کە کوردییەکە ئاسانە و (نالی) دەسەڵاتی بەسەر شیعر وتن بە عەرەبی و فارسیدا ناشکێ، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەیەوێ خۆی تاقی بکاتەوە بزانێ شتێکی تازەی لەدەست دێ کە لەمەوپێش کەس نەیکردبێ، کە بریتییە لە شیعر وتن لەسەر کێشی عەرووزی عەرەبی بە زمانی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست ـ شێوەزاری سلێمانی)، یان نا؟ (نالی، ١٩٧٦، ١٠٦). ئەگەر سەرنج بدەین هەر لە نیوە دێری یەکەمەوە ڕاناوی سەربەخۆی (من) باڵی بەسەر کەشەکەدا کێشاوە و (نالی) جەخت لەسەر توانست و بەهرەی شیعردانانی خودی خۆی دەکاتەوە وەسفێکی نێرگسییانەی سروشتی خۆی دەکات. هەڵبەت یەکێک لە خەسڵەتەکانی کەسێتی نێرگسیش بریتییە لەوەی زۆر ئەم ڕاناوە دووبارە دەکەنەوە و مەسەلەی خود و کەسێتی خۆیان زەق دەکەنەوە. خەسڵەتێکی تری کەسێتی نێرگسی کە لەم دێرە شیعرییەدا هەیە، بریتییە لەوەی کەسێتی نێرگسیزم هەمیشە هەوڵ دەدات کارێک بکات کەس پێش ئەو نەیکردبێت، یان کارێک بکات جیاوازتر بێت لە ئەوانی تر، ئەمەش بۆ ڕاکێشانی سەرنج و

هەست و گرنگیپێدانی دەوروبەرەکەی بۆ ئەوەی زۆربەی کات سەرنج و ئاگاداری و بایەخپێدانی ئەوانی تر لەسەر ئەو کەسە بێت و کەسەکە هەمیشە سەنتەر و چەقی بایەخپێدانی ئەوانی تر بێت، چونکە کەسێتی نێرگسیزمی چەند خەسڵەتێکی هەیە کە بریتییە لە ((خود خۆشەویستی و بایەخدان پێی و حەزی خۆدەرخستن و ڕاکێشانی سەرنج و بایەخپێدانی ئەوانی تر و مانەوە لە سەنتەری سەرنج و بینینی ئەوانی تر)) (مجید، 2008، ٩٢). (نالی)یش هەمان کار دەکاتت و دێتە نێو ئەزمونێکی نوێوە کە شیعر وتنە بەم شێوەزارە، ئەمەش بۆ سەرنجڕاکێشانی ئەوانی ترە بۆ سەر خودی کەسێتی (نالی) و داهێنانە شیعرییەکانی.

(نالی) هەنگاوێکی تر دێتە پێشەوە و ئەو دوودڵی و جۆرێک لەو گومانەی لەو تاقیکردنەوە نوێیەدا لە دێری یەکەمدا هەیەتی لە مەسەلەی وتنی شیعر بە زمانی کوردی و زاری کرمانجی ناوەڕاست، لە دێری دووەمدا ئەمە ناهێڵێت و ئازایانە ئەو گومانە دەڕەوێنێتەوە و بەهرەی داهێنانی شیعری و شیعر وتن بە کارێکی ئاسان و بێ زۆری لەخۆکردن دادەنێت و دەڵێت:

| |
|---|
| یا لە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسوار |
| بێ تەئەموول بەو هەموو نەوعە زوبانی رادەکا (نالی، ١٩٧٦، ١٠٦) |

لێرەدا (نالی) دەڵێت: یاخود ئەو زەوق و سروشتە شیرینەی من ئەسڵەن هەر مەبەستی خۆ تاقیکردنەوە و پیشاندانی ئەو ئەزموونە نییە، چونکە پێویستی بەوە نییە خۆی لەم بوارەدا تاقی بکاتەوە، بەڵکو سروشتی شیعرییەتی شاعیر ئەوەندە سوارە و ئەوەندە بە توانایە، بێ گوێدانە ئەوەی کە لەلایەک ئەمە کارکردنە لە بواری فەساحەت و ڕەوانبێژی و کارێکی قورسە و ئەزمونێکە پاشخانێکی ڕۆشنبیری و زانیاری و شاعیرێتی و دەستڕەنگینی و هونەرکاری زۆری ئەوێت، لەلایەکی ترەوە لە بواری شیعر وتن بە زمانانی تری وەکو (فارسی و عەرەبی)، ئەوا (نالی) وەک شاسوارێکی ئەم بوارە و بێ وردبوونەوە و وەستان ئەتوانێ بە هەموو زمانەکانی تر شیعر بڵێت، نەک هەر بە کوردی، بگرە بە فارسی و عەرەبیش، کە ئەمەش شانازیکردنە بە توانا و هێزی شاعیرێتی (نالی) و زەقکردنەوەی بەهرەی شیعر وتنێتی لەو بوارەدا و ویستوویەتی ئەوە پیشانی ئەوانی تر بدات کە نەک هەر ئەتوانێ بە زمانی کوردی شیعر بڵێت، بەڵکو زۆر بە ئاسانی ئەتوانێت بەو زمانانەش شیعر بڵێت کە شاعیرانی هاوزمانی سەردەمی خۆی، یان شاعیرانی نەتەوەکانی تری دراوسێ شیعریان پێ وتووە. بەمەش (نالی) زێدەڕۆیی لە ((هەستکردن بە خۆ گەورەکردن یان گرنگیدان بە خود بۆ نموونە زێدەڕۆییکردن لە پشاندانی دەستکەوت و بەهرەکانی و پێشبینیکردنی داننان بەوەی کە ئەو لە لوتکەیە دایە دەکات)) (سعفان، ٢٠١١، ١٥)، کە ئەمانەش بەشێکن لە خەسڵەت و سیفەتە دیارەکانی کەسێتی نێرگسیزمی. (نالی) بۆ ئەم مەبەستە سودی لە وێنەیەکی شیعری جوان وەرگرتووە و ئەم توانستەی خۆی لە بواری شیعر دانان بە زمانی کوردی و زمانانی تر بە گۆڕەپان و ئەسپسواری چواندووە، کە لە لایەکەوە بواری فەساحەت و ڕەوانبێژی و شیعر وتنی بە گۆڕەپانێک چواندووە، لەلایەکی ترەوە، خودی خۆی وەک سوارچاکێکی ئەم گۆڕەپانە ناساندووە، کە چۆن سوارچاکی شارەزا و بە ئەزموون چ لە گۆڕەپانی جەنگدا بێت، یان لە گۆڕەپانی مەشق و ڕاهێنان و ڕاکردندا بێت بە سەلیقەیی و وردی و شارەزایانە بە هەموو لایەکدا غارئەدا، ئەوا (نالی)یش بە هەمان شێوە لەم گۆڕەپانەدا تاکە سوارچاکێکە بە وردی و شارەزاییەوە بەو هەموو زمانە شیعر ڕادەهێنێ.

بۆ سەلماندنی ئەو توانا و داهێنانەی (نالی) کە نەک هەر بە زمانی کوردی شیعری وتووە؛ بگرە بە زمانەکانی تری وەک (فارسی و عەرەبی)ش شیعری وتوە، شاعیر لە غەزەلی (عاشقی بێ دڵ دەناڵێ .....)دا جەخت لەسەر ئەو توانایەی خۆی دەکاتەوە لە دێری کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێت:

| |
|---|
| فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە |
| (نـــالی) ئەمڕۆ حـــــــــاکمی سێ مولکە دیوانی هەیە (نالی، ١٩٧٦، ٥٧٧) |

مەبەستی ڕاستەقینە لەم دێرە ئەوەیە کە (نالی) شانازی بەوە دەکات کە دەسەڵاتی بەسەر هەرسێ زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی شکاوە و شیعری بەم زمانانە وتوە، کە ئەمەش جۆرێکە لە بەرگری لەخۆکردنی شاعیر لە خودی خۆی بەرانبەر ئەوانەی توانجی تێدەگرن و تانەی لێدەدەن و شیعرەکانی بە کەم سەیر دەکەن. لە نائاگایی شاعیردا ئەم حەزی بەرگریکردنە لە خودی خۆی و خود گەورەکردن و شانازیکردن بە خود بەرانبەر ئەوانی تر هەمیشە ئامادەیی

هەبووە، بۆیە دەبینین کاتێک (نالی) ئەم حەزە دێنێتە نێو ئاگاییەوە ئەوا بە شێوازێکی شیعری جوان و هونەرکارییانە و سەرنج ڕاکێش وەڵامی توانجەکان دەداتەوە. لە هەمان کاتیشدا لە نائاگایی شاعیردا جۆرێک لە گرێی خۆبەکەمزانین ئامادەیی هەیە، بەرانبەر شیعری نەتەوەکانی تری وەک فارس و عەرەب، بۆیە (نالی) هەوڵیداوە قەرەبووی ئەمە بەوە بکاتەوە کە لە گۆڕەپانی شیعری کلاسیکی کوردیدا پێگەیەکی بەرز و بەهێز بەخۆی بدات و وا وێنای خۆی بکات کە تەنانەت خۆی بە شاسواری شیعری فارسی و عەرەبیش لەقەڵەم بدات، هەر لە ڕوانگەی ئەم گرێی خۆبەکەمزانینەوە (نالی) هەستی بەمە کردووە کە لەو سەردەمدا ڕەنگبێت شیعری کوردی نەیتوانیبێت شانبەشانی شیعری نەتەوەکانی تری دراوسێی هەنگاوبنێت، بۆیە (نالی) بەستیشی لەمە ئەوەیە کە ((باس لە نەتەوەکەی خۆی بکا و بیهێنێتە ڕێزی فارس و عەرەب .... دیارە شاعیر لەڕووی سیاسیشەوە کوردی هێناوەتە ڕیزی ئەو دوو نەتەوەیە بەوەی دامودەسگا و دەسەڵات و دیوانی هەیە وەکو ئەوان، جگە لە دیوانی شیعر کە ڕەمزی ڕۆشنبیرییە)) (خەزنەدار، ٢٠٠٣، ٧٧). بەمەش هەوڵێداوە بە داهێنانی شیعر بە زاری ناوەڕاست و شێوەزاری سلێمانی قەرەبووی ئەو کەموکورییە ڕۆشنبیرییە بکاتەوە کە ئەوکات بەهۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە لە ئەدەبیات و ڕۆشنبیری کوردیدا باشوری کوردستاندا دروستببووبوو.

### 3.3: نێرگسیزم لە خۆ بەراوردکردن بە ئەوی تر و بەکەم زانینی بەهای ئەوی تر:

کەسانی نێرگسی هەمیشە خۆیان بە ئەوانی تر بەراورد دەکەن، جا ئەم بەراوردکردنە چ لە ڕووی پێگە و کەسێتی و شێوە و ڕوخسار و جل و بەرگ و ڕەفتار و گوفتارەوە بێت، چ لە ڕووی داهێنان و پیشەوایەتی و ئەنجامدانی کار و دەسترەنگینی و شارەزاییەوە بێت، هەڵبەت ئەمەش بۆ ئەوە نییە کە پێگە و بەهرە و کەسێتی و شارەزایی و خودی خۆیان بە نزمتر لە ئەوانی تر دابنێن و هەوڵی گۆڕینی بدەن، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە کەسێتی خۆیان بە باشتر و بەرزتر و بەهێزتر بە بەراورد بە ئەوانی تر دەبینن. بە تایبەتیش کاتێک لەلایەن ئەوانی ترەوە دەکەونە بەر تانە و تەشەر و توانج و ڕەخنەلێگرتن و توشی ئازاری دەروونی دەبنەوە، لەمەوە زۆرجار کەسی نێرگسی بە کاریگەری پاڵنەری دوژمنایەتی و شەڕانگێزی کە وەک ڕەمەکێکی سروشتی لە مرۆڤدا بونی هەیە پەنا بۆ بەرگریکردن لە خودی خۆی دەبات و لەمیانی ئەم ڕەمەکەوە هەوڵدەدات ئازار بە ئەوانی تر بگەیەنێت ((بەشێوەی مادی وەک لێدان و و کوشتن یان بەشێوەیەکی نامادی وەک جوێن دان و بریندارکردنی هەستی بەرانبەر)) (عەلی، ٢٠٠٧، ٩٥). چونکە ئەم جۆرە کەسانە بەرگەی ڕەخنە و شکست و ڕەتکردنەوە ناگرن و بە هەر نرخێک بێت دەیانەوێت گەورەیی خۆیان بسەپێنن و بە پێچەوانەشەوە هێرش دەکەنە سەر ئەوانەی ڕەخنەیان لێئەگرن و کەسێتییان یان کار و چالاکی و ئەزموونیان ڕەت دەکەنەوە، بۆیە ئەم جۆرە کەسانە پێزانینیان بۆ مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ئەو برە سەرسامبوون و دەستخۆشییەیە کە ئەوانی تر پێیان دەبەخشن. (نالی) لە دێری سێیەمی شیعرەکەیدا هەمان ڕەفتاری کەسێکی نێرگسی هەیە و بە تەوسەوە و بە دەربڕینی جۆرێک لە ناڕەزایەتی و بۆ بەرگریکردن لە خودی خۆی و شیعرەکانی دەڵێت:

| |
|---|
| کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خـــــــۆکردییە |
| هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعـــــنا دەکا (نالی، ١٩٧٦، ١٠٧) |

لەم دێرەدا (نالی) بەرگری لە شیعرەکانی دەکاتت و بەهانە بۆ شیعرەکانی دێنێتەوە. ئەم دێرە وەک ناڕەزایەتییەک وایە بۆ ئەوانەی گاڵتەیان بە (نالی) کردووە لە پای ئەوەی لە سەردەمێکدا بە زمانی کوردی شیعری نووسیووە، کە لەو سەدەمەدا شیعر نووسین بە زمانی کوردی و لای هەندێک مەلا و ڕۆشنبیر و خەڵکی ئاسایی کە زەوق و سەلیقەی ئەدەبییان بە شیعری فارسی و عەرەبی ڕاهاتبوو مایەی گاڵتە پێکردن بووە و ئەم کارەی (نالی)یان بە شتێکی کەم بایەخ زانیووە. بۆیە شاعیر ئەڵێ: کەس توانجم تێنەگرێ و بڵێ شیعرەکانی کوردین و هەر شاعیرێک بگری ئەوا ئەتوانێ بە کوردی شیعر بڵێ و ئەمە کارێکی ئاسانە، بەڵێ ڕاستە زۆر شاعیر هەن بە کوردی شیعر ڕێک بخەن و بڵێن، بەڵام خۆ شیعر تەنیا هاوسەنگی دوو سەرەکەی و یەکێتی دوا پیتەکانی نییە (کە مەبەست کێش و سەروایە)، بەڵکو شیعر پێش هەموو شتێک بریتییە لە ناوەڕۆکی ورد و واتای قوڵ و شاراوە و بە پێز، کە ئەمەش دەستی کۆلکە شاعیرەکان ناکەوێت بیخەنە نێو شیعرەکانیانەوە (نالی، ١٩٧٦، ١٠٧)، بۆیە ئەوە کاری نەزان و نەفامەکانە کە تەنیا بەدوای شتی لاوەکی

شیعردا دەگەڕێن و بەهۆیەوە توانج لە شاعیر دەدەن، چونکە کاری دانایان و کەسی ژیر ئەوەیە بەدوای واتای قوڵ و شاراوە و کاریگەر و سەرنج ڕاکێشدا دەگەڕێن و ئەزانن هێز و کاریگەری شیعری لەمەیان دایە. دەبینین (نالی) لەم دێرەدا پەنا بۆ بەرگریکردن لە خودی خۆی و شیعرەکانی دەبات و هەوڵی هێرشکردنە سەر ئەو کەسانە دەدات کە گاڵتەی پێدەکەن، ئەمەش لە ئەنجامی پاڵنەری دوژمنایەتی و شەڕانگێزی (نالی) کە وەک ڕەمەکێکی سروشتی لە کەسێتی (نالی)دا بونی هەیە، پاڵ بە (نالی)یەوە ئەنێت لەلایەک بۆ بەرگریکردن لە خۆی، لە لایەکی ترەوە بۆ هێرشکردنە سەر ئەوی تر، کە ئەم ڕەمەکەش لە کەسێتی (ئەو)ی (نالی)دا هەیە و (ئەو)ی (نالی) هانی دەدات بۆ پیشاندانی هەستی تووڕەیی و هێرشکردنە سەر ئەوی تر و تۆڵە لێکردنەوەی بەرانبەر ڕووشاندنی هەست و کەسێتی (نالی)، ئەمەش بۆ ئەوەی لە خودی خۆی بە کەمتر پشانیان بدات و لە خودی خۆیشی دووریان بخاتەوە. سروشتی هێرشکردنەکەشی ناماددییە و لە ڕێی قسە پێگوتن و هەست بریندارکردنیانە.

هەر بۆ پەسنی ئەم بۆچوونەی خۆی و بایەخدان بە مەسەلەی واتای قوڵ و شاراوە کە بە ڕای ئەو ئەمە یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی شیعرەکانی و خەڵکی وا بە ئاسانی لە واتا و مەبەستی شیعرەکانی تێناگەن و لە لایەنە لاوەکییەکانی شیعرەکانییەوە ڕەخنەی لێدەگرن، (نالی) لە غەزەلێکی تری و لە دێری شەشەمی غەزەلەکەدا دەڵێت:

| |
|---|
| بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕ و گەوهەرە، ئەمما |
| غەوواصی دەویَ یەعنی بە تەعمیقی بزانـــە (نالی، ١٩٧٦، ٤٨٠) |

مەبەستی (نالی) لەم دێرەدا ئەوەیە کە بەرگری لە خۆی و شیعرەکانی بکات و بەرپەچی ئەو ڕەخنانە بداتەوە کە ڕووبەڕووی دەکرێنەوە و بە چاوێکی کەم سەیری شیعرەکانی دەکرێن و دەڵێت: دەریای بێ بنی غەزەلەکانم پڕیەتی لە دوڕ و گەوهەر و مرواری گرانبەهای واتای ورد و جوان، بەڵام وەنەبێ هەر کۆلکە مەلەوانێ بتوانێ بە ئاسانی ئەو دوڕ و گەوهەرانە دەربێنێت و ئەو واتایانە لێکبداتەوە، چونکە شیعرەکانم دەریاگەڕی و مەلەوانزانی وای ئەوێ کە قوڵ بۆ دابچێت و بچێتە قوڵایی شیعرەکانمەوە و لێی وردبیتەوە و واتاکانی بدۆزیتەوە و لە وردەکارییەکانی بگات (نالی، ١٩٧٦، ٤٨٠-٤٨١). ئەم کارەش تەنیا بە وەرگری شارەزا و لێهاتوو و زیرەک ئەکرێت ((چونکە ئەو نهێنیانەی کە لە نێو شیعرەکانی (نالی)دا هەن ئەو توخمەیە کە وا لە منی وەرگر دەکات تا ئێستاش لە شیعرەکانی ورد ببمەوە و بچمە نێو قوڵاییەکەی و تێیڕابمێنم و دواتر لە ڕێگای بەکارخستنی ئەو شیعرانەوە لە نێو پاشخانی ڕۆشنبیری خۆم و جیهانی بیرکردنەوەمدا لێکیان بدەمەوە)) (عبيد، 2013، 65-66). ئەمەش جۆرێکە لە شانازیکردنی (نالی) بە شیعرەکانییەوە لە ڕێی واتا و مەبەستی ورد و جوان و شاراوە و نهێنییەکانی نێو شیعرەکانی، کە (نالی) ئەمە لە شیعری ئەو کۆلکە شاعیرانەدا نادۆزێتەوە کە گاڵتەیان بە شیعرەکانی کردووە. لە هەمان کاتیشدا گەڕان و دۆزینەوەی ئەو واتا ورد و جوان و شاراوانە لە شیعرەکانیدا لەو کۆلکە خوێنەر و وەرگر و ڕەخنەگرانەدا بەدی ناکات کە ڕەخنەی لێدەگرن و گاڵتەی پێدەکەن.

ئەوەی لە دێری (کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە .....)دا جێی سەرنجە و بە تایبەتیش نیوە دێری دووەم، بریتییە لەوەی (نالی) وەک کەسێکی نێرگسی زیاتر ((مەیلی بێ بەهاکردنی ئەوانی تر)) (مجيد، 2008، ٩٢) دەکات. لە هەمان کاتیشدا لە تووڕەبوون و ناڕەزاییەکەی و بێ بەهاکردنی ئەوانی تردا پشاندانی پەرچەکردارە بەرانبەر ڕەفتاری گاڵتەپێکردنی ئەوانی تر بە (نالی)، وەک ئەوەی (کیرنبێرگ)ی زانای دەروونناس لەبارەی ئەم خەسڵەتەی کەسانی نێرگسیزمەوە پێیوایە کە یەکێک لە خەسڵەتەکانیان بریتییە لە: ((پیشاندانی تووڕەیی و ناڕەزایی بەرانبەر بە هەر کەسێک کە ڕازی نەکات)) (امرائي، 2021، 70). بە مانایەکی تر، کەسانی نێرگسی هەمیشە دەیانەوێت کەسانی دەوروبەریان ڕازی بن بە هەرچی ڕەفتار و گوفتار و کار و کاردانەوە و شتێک کە ئەو کەسە ئەنجامی دەدات و ستایشی لەسەر بکەن و کارەکانی بەرز بنرخێنن، ئەگینا کەسی نێرگسی کاردانەوەی نەرێنی دەبێت و ناڕەزایی دەرئەبڕێت و هەوڵی شکاندنەوەی بەرانبەری دەدات.


لەو ڕوانگەوە (نالی) هەموو ئەوانە بە نەزان و نەفام لە قەڵەم دەدات کە گاڵتە بە بەهرە و کارامەیی و شارەزاییەکانی ئەو دەکەن و لە هەمان کاتیشدا بە چاوێکی نزم سەیری زمانی کوردی دەکەن و پێیانوایە ئەم زمانە بۆ شیعر وتن دەست نادات و هاوتای زمانەکانی فارسی و عەرەبی نییە. ئەم بۆچوونە نەک هەر لای فارس و تورک و عەرەب ڕەنگی دابووەوە، بگرە لای زۆرێک لە کۆلکە مەلا و کۆلکە ڕۆشنبیر و کۆلکە شاعیر و بەشێکیش لە خەڵکی ئاسایی و نەخوێندەوار

بانگەشەی بۆ ئەکرا، بۆیە (نالی) هەوڵدەدات هەستی ئەوان بریندار بکات و تانەیان لێبدات و وشەی (نەزان و نەفام)یان بۆ بەکارئەهێنێت و بەو کەسانەیان ئەچوێنێت کە تەنیا سەیری ڕوکەش دەکەن و وردبین و قوڵبین نین. ئەمە یەکێکە لە بەهێزترین ئەو هۆکارانەی وایکردووە (نالی) لەم شیعرەیدا وەک کەسێتییەکی نێرگسیزمی دەرکەوێت.

لە دێری چوارەمی شیعرەکەدا شاعیر زیاتر لە بەهای ئەوی تر کەم دەکاتەوە و خود خۆشەویستی خۆی لە مەسەلەی داهێنانی شیعری و هێز و توانای خودی خۆی یان ئەوەی (سیگمۆند فرۆید) پێیدەڵێت (سەرسامبوونی تاک بە جەستە)، کە دواتر چەمکی زاراوەی نێرگسیزم لای (فرۆید) گۆڕا و بوو بە (مەزراندنی وزەی سێکسی لیبیدۆ لە (من))دا، ئەمەش واتە خۆشەویستی ئاراستەکراو بۆ وێنەی خود و هەر بابەتێکیش ڕەنگدانەوەی نێرگسییەتی خود بێت ئەوا دەبێتە بابەتی خۆشەویستی بۆ وێنەی خود (جاکوبي، 2020، 49-50/ عسکر، 2009، 114). بابەتی خۆ گەورەکردن و زەقکردنەوەی کارامەیی و بەهرە و هێزی شاعیرێتی (نالی)یش لەم دێرەدا دەچێتە نێو خۆشەویستی ئاراستەکراو بۆ وێنەی خودی (نالی). لەم بارەیەوە شاعیر دەڵێت:

| |
|---|
| بێتە حوجرەم پارچە پارچەی موسوەدەم بکڕێ بە ڕۆح |
| هـەر کەسێ کوتاڵ و پارچەی بێ بەدەل ســـەودا دەکا (نالی، ١٩٧٦، ١٠٧) |

(نالی) دەڵێت: هەرکەسێک بەدوای پارچەی گرانبەهادا ئەگەڕێ، با بێتە حوجرەکەم، پارچە پارچەی ڕەشنوسی شیعرەکانم بکڕێ و لەبریتی پارە با گیانی خۆی دابنێ و هێشتا هەر ئەو کەسە قازانج دەکات (نالی، ١٩٧٦، ١٠٧). لە مرۆڤدا گیان لە هەموو شتێک شیرینتر و گرانبەهاترە، (نالی) بۆئەوەی نرخ و بەهای شیعرەکانی بە بەرزترین ئاست پشان بدات و لەوێوە لە نرخ و بەهای ئەوانی تر بدات و پێگەیان لە خودی خۆی نزمتر پشان بدات، سەودایان لەگەڵدا دەکات ڕەشنوس و دەستنوسی شیعرەکانی خۆی بەرانبەر گیانی ئەوان دادەنێت و هێشتا کاڵاکەی خۆی پێ گرانبەهاتر و بەنرخترە!





ئەمەش جۆرێکە لە خۆشەویستی ئاراستەکراو بۆ وێنەی خودی (نالی) لە ڕێی بەرزکردنەوە و بە گەورە نیشاندانی شیعرەکانییەوە، لە بەرانبەر کەمکردنەوەی پێگە و کەسێتی و بەهای ئەوانی تر و (گیان)ی ئەوان کە بە نرخترین شتە لایان، کە ئەوانیش لە هەمان ڕوانگەی کەمکردنەوە لە بەهای شیعری (نالی)یەوە سەیری (نالی) دەکەن.

دواجار (نالی) لە کۆتا دێردا، کۆتایی بەم بابەتە دێنێت و گورزێکی تاقەت پڕوکێن لەوان دەدات و مەسەلەکە دەگەیەنێتە بنبەست. ئەو خۆشەویستییە ئاراستەکراوەی بۆ خودی (نالی) ئاراستەکراوە لەم دێرەدا بە زەقی هەستی پێدەکرێت. شاعیر لەم دێرەدا خودی خۆی بەشێوەیەک بەسەر ئەوانی تردا بەرز دەکاتەوە و لە بەگەورەزانینی خۆی بەشێوەیەک زێدەڕۆیی دەکات، کە لە دێرەکانی تردا ئەوە نابینرێت، لە هەمان کاتدا سوکایەتی کردن بە ئەوانی تری تێدایە لە مەسەلەی داهێنانی شیعری و هێزی شاعیرێتی خۆی ئەوان، کە ئەمەش ئەوپەڕی نێرگسییە لە (نالی)دا و دەڵێت:

| |
|---|
| شیعری خەلقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نـــازکی؟! |
| کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هـــەودا دەکـــا؟! (نالی، ١٩٧٦، ١٠٧) |

(نالی) دەڵێت: شیعری خەڵکی هەرگیز لە ناسکیدا ناگاتە شیعری من. شیعری من لەچاو شیعری خەڵکیدا وەک تاڵی ئاوریشم وایە لەچاو پەتکدا و دیارە پەتکیش هەرگیز ناتوانێ لە باریکی و ناسکیدا بەربەرەکانێ لەگەڵ تاڵی ئاوریشمدا بکات (نالی، ١٩٧٦، ١٠٨). (نالی) لە بەراوردکردنی شیعری خۆی بە شیعری ئەوانی تر، وێنەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێشێ هێناوەتەوە و شیعری خۆی بە (هەودا) واتە تاڵی ڕێسمانی ئاوریشم و شیعری ئەوانی تر (خەڵک _ شاعیر)انی تری بە (پەتک) واتە (ئەو بەنەی بەڕە و جەواڵی لێ دروست ئەکرێ) چواندووە. لە کاتێکدا تاڵی ئاوریشمەکە زۆر گرانبەهاتر و

بەنرخترە لە داوی بەن و ئاسمان و ڕێسمان جیاوازن لەگەڵ یەکتر.




بۆیە (نالی) وەک مرۆڤێک عاشق بە خود و شاعیرێتی خۆیەتی و سەرسامە بە کارامەیی و لێهاتوویی شاعیرێتی خۆیەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی وێنەی خودی خۆی بەرزتر و گەورەتر و گرانبەهاتر پیشان بدات بەرانبەر ئەوانی تر، بۆ ئەوەی ئەمەش بێتە دی ئەوا لە ڕێی شیعرەکانییەوە هێرش دەکاتە سەر ئەو خەڵک و ڕەخنەگر و مەلا و شاعیرانەی گاڵتەیان پێکردووە، کەواتە شاعیر لە ڕێی ئەزموونێکی خۆیەوە کە شانازییەکی زۆری پێدەکات، لە لایەکەوە کەسێتی خۆی و ئەزموونەکەی بەرزتر و گەورەتر لەوانی تر پیشان دەدات، لە لایەکی ترەوە، بەهۆیەوە هێرش دەکاتە سەر ئەوانی تر و بەرگری لە خود و کەسێتی خۆی دەکات و لە پێگە و کەسێتی و ئەزمونی ئەوان کەمتر دەکاتەوە. (نالی) نێرگسیزمانە هێرش دەکاتە سەر ئەوانی تر و لە هەمان کاتدا تاوانباریشیان دەکات بە توانجەوە لە نرخ و بەهایان کەم دەکاتەوە، بۆیە کەسێتی شاعیر وەک ئەوەی (ئۆتۆ کێرنبێرگ)ی زانای دەروونناس لەبارەی ئەم جۆرە کەسە نێرگسییانەوە دەڵێت: لە خۆ گەورەکردن و پەسندکردنی خود بەسەر ئەوانی تردا زیادەڕەوی دەکات و دان بە هەڵە و کەم و کوڕییەکانی خۆی نانێت و زۆرجار ئەم جۆرە کەسە ڕێزی بۆ هەڵوێستی کەسانی بەرانبەری نییە و هیچ بەهایەک بۆ هەڵسەنگاندن و ڕەخنە و پێشنیاز و قسەی ئەوانی تر دانانێت و زۆربەی جار ئەوانی تر بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردێنن ئەمەش بۆ خۆ گەورەکردن لەسەر بەرژەوەندی ئەوانی تر (امرائي، 2021، 72) ، چونکە هەمیشە ئەو وێنەی خودی خۆیان لەبەرچاوە کە لە خەیاڵ و وەهم و زەینی خۆیان بۆ خۆیانیان داتاشیوە، (نالی)ش تەنیان ئەو وێنەیەی خودی خۆی دەبینێت کە خۆی بۆ خۆی دروستی کردووە و شانازیش بەم خودە دەکات و بۆ بەرزترین پێگە بەرزی دەکاتەوە، کە ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە ئەمە کاردانەوەیەکە بۆ ئەو هەڵوێستانەی لە دەوروبەرییەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بۆیە شاعیر ناچارە پەنا بۆ ئەو لایەنانەی کەسێتی و ژیانی خۆی ببات و بەهۆی ئەمانەوە و لە ڕێی پەنابردنە بەر میکانیزمی بەرگریکردن لە خودی خۆی و بەهۆی پاڵنەری دوژمنایەتی و شەڕانگێزییەوە بەرگری لە (کەسێتی خۆی و ئەزمونی شاعیرێتی خۆی) دەکات.

(نالی) بۆ ئەوەی کارامەیی شاعیرێتی خۆی و دەستەوەستانی ئەوانی تر بەرانبەر شیعرەکانی بخاتەڕوو لە دێری پێنجەمی شیعری (ساقی! وەرە مەیخانەیی دڵ .....)دا هەمان ئەو تێڕوانینەی سەرەوەی هەیە و حەزی خۆدەرخستن و سەلماندنی خودی خۆی وەک شاعیرێکی کارامە و لێهاتوو دوویات دەکاتەوە و ((لە شانازیکردنی بەخۆ دەگاتە ئەوپەڕی کە کەس بە شاعیر نازانێ خۆی نەبێ)) (خەزنەدار، ٢٠٠٣، ٧٩)، شاعیر دەڵێت:

| |
|---|
| خەڵقی کە هەموو کۆدەکن و بەستە زوبانن |
| با بێن و لە (نالی) ببیەن شیعری ســــەلیقی (نالی، ١٩٧٦، 657) |

مەبەستی (نالی) لێرەدا ئەوەیە کە ئەم خەڵکە هەمووی منداڵ و نەفامن و زمانیان بەستراوە و هیچ لە شیعری ڕاستەقینە و بە سەلیقە تێناگەن و نازانن، با بێن و (نالی) شیعری خۆیانیان بۆ بخوێنێتەوە کە لە خۆیەوە شیعری بۆ دێت و پێیەوە ماندوو نابێت، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەوانیش زمان و بیریان بکرێتەوە و بزانن شیعری بە سەلیقە چیە و لە (نالی)یەوە فێری

بن. لەم دێرەدا دەکرێت ئەوەش هەڵێنجین کە ((دوور نییە مەبەستی نالی لەم بەیتە بەرپەرچ دانەوەی هەندێ ڕەخنگر بو بێ کە بە چاوێکی بێ بایەخ سەیری شیعرەکانییان کردبێ)) (نالی، ١٩٧٦، ٦٥٧)، ئەمەش یەکێکە لە سیماکانی کەسانی نێرگسی، کە هەمیشە لە ڕێی کەسێتی یان ڕەفتار و کار و پیشە و بەرهەم و داهێنانەکانی خۆیانەوە حەز بە خۆ دەرخستن و بەناوبانگ بوون و سەلماندنی خودی خۆیان دەکەن وەک تەحەدایەک بۆ ئەوانی تر شانازی بەوە دەکەن کە ئەوەی ئەوان هەیانە ئەوانی تر نیانە. (نالی)یش هەمان بیرکردنەوەی هەیە. لە هەمان کاتیشدا (نالی) لەم دێرەدا بەرگری لە خودی خۆی دەکاتت و هێرش دەکاتتە سەر ئەوانەی گاڵتەی پێدەکەن و شیعرەکانی بە کەم ئەزانن.

### 3.4: نێرگسیزم لە بەکارهێنانی ڕاناوی (من)دا:

لە ڕێزمانی زماندا، ڕاناوی سەربەخۆی (من) بۆ کەسی یەکەمی تاک بەکاردەهێنرێت و ڕاناوێکە جەخت لەسەر شوناس و کار و چالاکییەکانی (من) واتە (خود) دەکاتەوە و منی مرۆڤەکە دەکاتە چەقی ئەو کار و چالاکیيانەی مرۆڤەکە ئەنجامیان دەدات. بۆیە لەبارەی پێناسەی (من)ەوە دەوترێت ((من بریتییە لە کەسی تاکی قسەکەر کە مەبەستی خودی خۆیەتی، و بەرانبەرەکەشی بریتییە لە ئەوی تر)) (مصطفى و آخرون، ؟، 28). لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە ((چەمکی من ڕەنگدانەوەی دید و زانین و هۆشیاری خودە)) (الحداد، 2009، 189). لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە ڕاناوی (من) بەوە جیادەکرێتەوە کە ((پێوەندییەکی لەخۆوەیی ئۆرگانی لەگەڵ خودی قسەکەری بکەر و بەرهەمهێنەری کردارەوە هەیە)) (الاخضر، 2014، 132). کەواتە، کاتێک (من) لە قسەکردندا جەختی لەسەر دەکرێتەوە، ئەمە بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر کار و کردار و چالاکی و ئەزموونەکانی خودی (من) بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەوی تر.

(نالی) لەم شیعرەیدا، کە (٥) دێرە، (٥) جار و لە پێنج شوێنی جیاوازدا ئاماژەی بە خۆی کردووە، بە دوو ڕاناوی جیاواز. لە ڕێگەی ڕاناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاک (من) (٢) جار ئاماژەی بەخۆی کردووە، هەروەها لە ڕێگەی ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک (م) سێ جار ئاماژەی بەخۆی کردووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ژ | جۆری ڕاناو | شوێنەکەی لە دێری شیعرییدا |
|---|---|---|
| ١ | من | طەبعی شەککەرباری من / نیوە دێری یەکەمی دێری یەکەم |
| ٢ | – | – |
| ٣ | م | ئەلفاظم / نیوە دێری یەکەمی دێری سێیەم |
| ٤ | م م | حوجرەم موسوەدەم / نیوە دێری یەکەمی دێری چوارەم |
| ٥ | من | شیعری من / نیوە دێری یەکەمی دێری پێنجەم |

ئەمەش کارێکی ئاساییە، چونکە شیعرەکە هەڵقوڵاوی خودێکە کە هەموو هەوڵێکی ئەوەیە بەرگری لە خۆی بکات و پەراوێزخستنی ئەوانی تر بۆ بەهرە و کارامەیی داهێنانی شیعری ئەو خودە کاڵ بکاتەوە و بە جۆرێک لە ڕێی باسکردنی ئەو شتانەی پێوەندییان بە سەرلەنوێ زەقکردنەوەی (من)ی شاعیرەوە هەیە جارێکی تر بخاتەوە بەر دیدی ئەوانی تر، ئەمەش بۆ ئەوەی تەمی ناڕازیبوون و بایەخ پێنەدان و گاڵتەپێکردنی بەرانبەرەکانی بە توانست و کارامەییە شیعرییەکانی خۆی لە داهێنانی شیعر بە زمانی کوردی و زاری کرمانجی ناوەڕاستدا بڕەوێنێتەوە و سەرنجەکان بخاتەوە سەر (من)ێک کە هەڕەشەی فەرامۆشکردن و سڕینەوەی لەسەرە، بۆیە (نالی) جەخت لەسەر (من)ی خۆ دەکاتەوە و زۆربەی دەربڕینەکانی بەدەوری خۆیدا دەخولێنەوە، بەمەش جۆرێک لە ئاڵودەبوون و شێتبوون بۆ خود نزیک دەبێتەوە، نێرگسییەت لە دەقی شیعریدا بە دەربڕینەکانی (من) یان (خۆم) یان (ئەوە منم) زیاتر زەق دەبێتەوە و دۆخێک لە دێوانەیی دروست دەکات لای ئەو کەسانەی توشی گرێی خۆ مەزنکردنی ئەو خەیاڵەی کە ئەم دەربڕینانە دروستی دەکەن، بەڵام نێرگسیزم لەگەڵ دێوانەیی جیاوازیان هەیە. شاعیر لە شیعردا بۆ ئاوێنەیەک دەگەڕێت تا وێنەی خۆی تێدا ببینێتەوە، چونکە شاعیر عەوداڵی ئەوەیە خودی خۆی لەوانی تردا بخوێنێتەوە و ئارەزووی ئەوە دەکات کە ئەوان پیایدا هەڵبدەن (ابراهیم، ١٩٨٩، ١٢٦)، بەمەش کەسێتی نێرگسیزمی لە میانی قسەکردن و گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەوانی تردا، هەمیشە جەخت لەسەر من دەکاتەوە، هەمیشە کار و جوڵە و چالاکی و باشی و چاکی و ئازایەتی و ..... هتد دەخاتە پاڵ خۆی و بە (من) گوزارشتیان لێوە دەکات هەوڵدەدات زۆرترینی قسە و گفتوگۆکان بەشێوەیەکی ئەرێنی لەسەر (من)ی کەسەکە

بێت و (ئەو)ی بەرانبەر فەرامۆش بکرێت.

### 3.5: نێرگسیزم لە بەسەنتەرکردنی خود و پەراوێزخستنی ئەو:

سەنتەریەتی خود (سێنترالیزمی خود Egocentrism)، یان هەندێک جار بە (خۆپەرست – أناني) ناسراوە، بریتییە لەو خەسڵەت و سیمایەی کە لە هەندێک مرۆڤدا هەیە و وایانلێدەکات زۆربەی کات ئەو مرۆڤانە بە خۆیان و ئەزموون و کار و کردەوە و چالاکی و جیهانی تایبەتی خۆیانەوە خەریک بن و لە جیهانی ناوەوەی خۆیاندا نغرۆ دەبن، واتە بریتییە لە خولانەوە بەدەوری خود و بەرزڕاگرتنی بەرانبەر ئەوی تر و خۆ (خود) بە سەنتەردانان بەرانبەر ئەوانی تر. بە بڕوای (دەیڤید ئەلکیند)ی زانای دەروونناسی ئەمریکی، ئەوانەی کێشەی سێنترالیزمی خودییان هەیە، بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە توشی ئەم گرێیە دەروونییە دەبن، کە بریتین لەوەی ئەگەر کەسەکە ڕووبەڕووی چوارچێوە و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی نوێ ببنەوە، یان تووشی هەندێک هەڵوێست و کرداری دژ بە خودی خۆیان ببنەوە کە نامۆ بێت بە ژینگە و دەوروبەرەی پێشووتری کەسەکە؛ یان نامۆ بێت بەو هەڵوێست و کردارانەی بەرانبەر کەسەکە ئەنجام دراون، ئەمەش دواجار وا لە کەسەکە دەکات پەنا بۆ بەرگری کردن لە خودی خۆی ببات بەرانبەر هەر پێشهاتێکی نوێ کە لەم ناوەندەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. یان هەندێک جار پەرەسەندنی خود یان شوناسی کەسێتی کەسەکە وا لە کەسەکە بکات هەست بە ئاستێکی بەرزی تاکایەتی لە خودی خۆیدا بکات، کە دواجار دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە سێنترالیزمی خودی. یان هەندێک جار ڕەتکردنەوەی کەسەکە دەبێتە هۆی هەستکردن بە هۆشیارییەکی توندی خودی و دواجار سەرهەڵدانی سێنترالیزمی خودی (Elkind, 1999, 1027). لەم ڕوانگەیەوە دەبینین (نالی) لەو ژینگە و دەوروبەرەی تێیدا ئەژیت، ڕووبەڕووی پێشهاتێکی نوێ بۆتەوە، کە بریتییە لە گاڵتەپێکردن و ڕەخنەلێگرتن و توانج تێگرتن و بەکەم سەیرکردنی شیعرەکانی و توانستە شیعرییەکەی. بەمەش ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوە لەلایەن ئەوانی ترەوە بۆتەوە، ڕەتکردنەوەکە لەسەر ئاستی شیعرەکانێتی نەک لەسەر ئاستی کەسێتی (نالی). بەمەش (نالی) لە ئەنجامی هەستکردنێکی زۆری بە تاکایەتی لە خودی خۆیدا، ئەمە پەرەیسەندووە و بووە بە سێنترالیزمی خودی (نالی) بەرانبەر هەموو ئەوانەی توانجیان لێی گرتووە. بەمەش (نالی) کەوتۆتە دۆخی بەرگری لەخۆکردن بەرانبەر ئەو پێشهاتە نوێیە. ئەمەش کاتێک (نالی) لە ئەنجامی ئەم هۆکارانەوە خودی خۆی بە سەنتەری خودەکانی تر داناوە و بەرگری لە خودی خۆی کردووە. بۆیە هەموو ئەو دێرانەی (من)یان وەکو ڕاناوی کەسی یەکەمی سەربەخۆ تێدا بەکارهاتووە، ئاماژەیەکیشن بۆ خود سێنترالیزمی (نالی)، کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی (نالی) مەیلی ئەوە بکات بە خودی خۆی سەرسام ببێت و باسی خۆی و توانست و بیرۆکە و ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆی بکات و پەنا بۆ فێڵەکانی بەرگریکردن ببات بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و ترسەکانی بەرانبەر هێرشی ئەوانی تر، جگە لەمەش وا خۆی پیشان دەدات کە لە هەڵە و کەم و کوڕی بەدوورە و هەرگیز هێز و توانست و کارامەییەکانی لاواز نابن، بۆیە هەندێک جار بە خەیاڵ هەندێک چیرۆک و ڕووداو و بەسەرهات و ئەزموون بۆ خۆی دروست دەکات و دەیداتە پاڵ خۆیەوە و هەوڵدەدات بەرانبەرەکەی بەمانەوە ڕازی بکات و مەترسییەکانی ئەوان لە خودی خۆی دوور بخاتەوە، کە ئەمەش کۆمەڵێک سیمای ئەو کەسانەن کە خود سێنترالیزمیان بەرانبەر کەسێتی خۆیان هەیە، ئەمەش لە ئەنجامی سەرقاڵبوونی (نالی) بە خودی خۆی و سەرسامبوونی بە کەسێتی و داهێنانە شیعرییەکانییەوە درووست بووە. لەمبارەیەوە (نالی) دەڵێت:

| |
|---|
| طەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا |
| ئیمتیحانـــــــــی خۆیە مەقصودی لە (عمدا) وا دەکا |
| یا لە مەیدانی فەصـــــــــاحەتدا بە میثلی شەهـ سوار |
| بێ تەئەممول بەو هەمو نەوعـــــــــە زوبانی ڕادەکا (نالی، ١٩٧٦، 1٠6) |

ئەم دوو دێرە تاکایەتی (نالی) لە وەسفکردنی خود و توانستەکانی پیشان دەدات و هەر لە سەرەتاوە بناغەی خود سێنترالیزمییەکەی دەچەسپێنێت و ئەم دوو دێرە دەبێتە دەروازەیەک بۆ چوونە نێو خود سێنترالیزمی (نالی)یەوە. ئەگەر لە دەربڕینی (طەبعی شەککەرباری من) وردبینەوە، دەبینین (نالی) دەیەوێت کەسێتی و سروشت و زەوقی خۆی وا پیشان بدات کە سروشت و زەوقێکی شیرینی هەیە و بەمەش هەر زوو کەسێتی و سروشتی خۆی بەرزتر لە ئەوانی تر پیشان دەدات، وەک ئەوەی ئەوانەی گاڵتەیان بە (نالی) کردووە ئەم جۆرە سروشت و زەوقە شیرینەیان نییە! (نالی) هەر

بەوەندە ناوەستێ، بەڵكو زیاتر خودی خۆی دەچەسپێنێت و بناغەی توانستە شیعرییەكەی پتەوتر دەكات بەوەی هەر ئەم سروشت و زەوقە شیرینەی ئەو لە گۆڕەپانی شیعر وتن و داهێنانی شیعرییدا هاوتای نییە و زۆر بە ئاسانی لە گۆڕەپانەكەدا ئەسپی خۆی تاودەدات و باكی بەوە نییە بە چ زمانێك شیعر دادەهێنێت، چونكە نەك هەر بە زمانی كوردی، بگرە بە زمانەكانی عەرەبی و فارسیش ئەم توانا شیعرییەی هەیە. چواندنی خودی خۆی یان سروشت و زەوقی شیعری خۆی بە (شاسوار) ئەوەندەی تر (نالی) بەرانبەر ئەوانی تر زەقتر و بەرزتر دەكاتەوە، وەك چۆن لە مەیدانی جەنگدا هەموو بیر و زەین و خەیاڵ و چاوەكان تەنیا لەسەر شاسواری گۆڕەپان و جەنگەكەیە، بۆیە (نالی)یش لەم مەیدانەدا شێوەی شاسوارێكە دەیەوێت هەموو سەرنج و تێڕامانەكان بۆ خۆی ڕابكێشێت و لە مەیدانی شیعردانان و داهێنانی شیعرییدا خۆی بە سەنتەر دابنێت. بۆیە چیرۆكی خۆییمان لەبارەی شیعردانان بە زمانی كوردی بۆ ڕوون دەكاتەوە، بەوەی ئەم كارەی بەهۆی ئەوەوە نییە كە زمانی كوردی دەزانێت و دەسەڵاتی بەسەردا دەشكێت و دەتوانێت بەم زمانە شیعر بڵێت، بۆیە شیعری بەم زمانە وتووە، چونكە ئەوەتا خۆی دان بەوەدا دەنێت كە دەتوانێت بە زمانەكانی تریش شیعر بڵێت و ئەسپی خۆی لەم زمانانەشدا تاوبدات و داهێنانیش بكات. ئەمەش جۆرێكە لە خود سەپاندن و بە سەنتەركردنی خود بەرانبەر خودەكانی تر و ئاگاداركردنەوە و بێ هیواكردنیانە لەوەی بیانەوێت لە گۆڕەپانی شیعردا لەگەڵ (نالی)ی شاسواری ئەم بوارەدا بكەونە ڕكابەری و ململانێ. بۆیە هەر لە سەرەتای شیعرەكەوە بە توانج تێگرتن دەستی پێنەكردووە، بەڵكو لەم دوو دێڕەدا بە كورت و پوختی وێنای سروشت و توانست و ویست و ئامانجی كەسێتی خۆی خستۆتەڕوو بۆ ئەوان و پاشان لە دێری سێیەمەوە تا كۆتایی بە توانج تێگرتن و سوكایەتیكردن بە ئەوانی تر (ئەوانەی گاڵتەیان بە (نالی) كردووە) دەستپێدەكات.

(نالی) لە ئەنجامی ڕووچوون و سەرقاڵبوونی زەینی و دەروونی بە خودی خۆیەوە، هەروەها لە ئەنجامی سەرقاڵبوونی بەوەی ئایا ئەوانی تر چۆن بیر لە (نالی) دەكەنەوە و بەهرەی شیعری و شیعرەكانی (نالی) چۆن دەبینن؛ وای لێكردووە بكەوێتە نێو جۆرێك لە بەسەنتەركردنی خودی خۆیەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی (نالی) وێنەیەكی نەرێنی و بێ توانای خۆی لە زەینی ئەوانی تردا بینیووە، بۆیە ڕوودەچێتە نێو خودی خۆی و تەنانەت لە مەسەلەی داهێنانی شیعریشدا داهێنانی خۆی دەكاتە سەنتەری هەموو داهێنانە شیعرییەكانی تر و دەڵێت:

| |
|---|
| كەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ كوردییە خــــــۆكردییە |
| هەر كەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعـــــنا دەكا (نالی، ١٩٧٦، 107) |

لە نیوە دێری یەكەمدا، (نالی) وێناكردنی كەسانی دەوروبەری خۆییمان بۆ ئەگوازێتەوە بەوەی كە توانجیان لە (نالی) گرتووە و گاڵتەیان بە شیعرە كوردییەكانی كردووە. ئەمە تێڕوانینێكی نەرێیانەی هەندێك لە شاعیر و مەلا و خەڵكی دەوروبەری (نالی) بووە بۆ شیعرەكانی (نالی)، كەواتە ئەوان بەو شێوەیە بەهرەی شاعیرێتی (نالی)یان وێناكردووە، كە تەنیا لە توانایدا هەیە بە زمانی كوردی شیعر بڵێت، ئەوەش لەبەرئەوەی زمانی خۆیەتی و چاك شارەزای ئەو زمانەیە و هەموو كەسێكی كوردزمان ئەتوانێت وەك (نالی) بكات! بەڵام (نالی) هەر زوو بەرپەرچی ئەم بۆچوونەیان دەداتەوە و تێڕوانینەكانیان لەبارەی شاعیری بەتوانا و شیعری ورد و دانسقە و نایاب كە خۆی لە (كێش و هاوسەنگی و سەروا و ڕێكخستنیان) دەبینێتەوە، ڕەت دەكاتەوە و پێوەری تر بۆ ناسینەوەی شیعری چاك و ورد و جوان دادەنێت (كە خۆی لە ناوەرۆك و واتای ورد و قوڵ و شاراوەدا دەبینێتەوە)، لە نیوە دێری دووەمدا دەڵێت: (هەر كەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعـــــنا دەكا)، لێرەدا (نالی) ئەیەوێت بڵێت: جۆر و پێوەری بیركردنەوە و بینینی ئێوە بۆ شیعرەكانی من هەڵەیە و كەسانی ساویلكە و نەزان بەم پێوەرانەوە شاعیر و شیعر هەڵدەسەنگێنن، ئەو پێیوایە كە پێوەری ڕاستەقینە بۆ پێوانەكردن و هەڵسەنگاندنی خۆی و شیعرەكانی بریتییە لە (واتای ورد و قوڵ)، ئەمەش تەنیا لە كەسانی دانا و زانا دەوەشێتەوە كە بەدوای واتا و ناوەرۆكی ورد و قوڵدا دەگەڕێن و بەم پێوەرە بەها بۆ شیعر دادەنێن، بۆیە ئەگەر بە پێوەری مرۆڤی دانا و زانا بێت شیعرەكانی (نالی) شیعری بەرز و جوان و سەرنجڕاكێشن. لێرەدا نالی نەك هەر خۆی، بگرە شیعرەكانی خۆیشی بە سەنتەری هەموو داهێنانە شیعرییەكان دادەنێت، بۆیە لە دێڕەكانی دواتردا هۆكاری ئەم بەسەنتەردانانی شیعرانەی خۆییمان بۆ ڕوون دەكاتەوە، بۆ نموونە لە دێری چوارەمدا، دەبینین شیعرەكانی خۆی بە پارچەی گرانبەها دادەنێت و ئەیخاتە ئاستی گیانی مرۆڤ، بۆیە ئەگەر خەڵكانێك تێڕوانینیان بەرانبەر شیعری (نالی)

نەرێنییە و بە چاوێکی کەم تەماشای شیعرەکانی دەکەن، ئەوا (نالی) ئەو تێڕوانینە هەڵئەگێڕێتەوە بە پێی پێوەرێک کە خۆی بۆ هەڵسەنگاندنی شیعر دایناوە شیعرەکانی دەکاتت بە سەنتەر و نموونە بۆ هەموو شیعرێک کە بیەوێت ڕکابەری بکات ئەبێت بەو شێوازە بێت کە (نالی) بۆ شیعری داناوە. دێری پێنجەمیش جەخت لەسەر هەمان بۆچوون و پێوەری (نالی) بۆ شیعری خۆی و شیعری ئەوانی تر دەکاتتەوە و بە هەمان شێوە شیعری خۆی بە سەنتەر و چەقی داهێنانی شیعری دادەنێت و شیعری خەڵکی بە پێی پێوەرەکانی خۆی پەراوێز ئەخات.

### 6-2: نێرگسیزمی (نالی) لە وێناکردنی خودی خۆی و وێناکردنی (ئەو)ی تردا:

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم دەقە شیعرییە ئەوەیە کە (نالی) وێنایەکی وردی خۆی و دەقە شیعرییەکانی خۆی کردووە، بۆ ئەمەش کۆمەڵێک پێوەری داناوە، لە بەرانبەریشدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وێنای ئەوی تری (شاعیر) یان (خوێنەری شیعر) دەکات. لەم پرۆسەی وێناکردنەشدا دیاردەی نێرگسیزم و خود سێنترالیزمی (نالی) لە هێنانەوەی کۆمەڵێک وێنەی شیعری جوان و سەرنج ڕاکێشدا هەستی پێدەکرێت، کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەیخەنەڕوو:

| ژ. دێر | وێناکردنی خودی (نالی) | وێناکردنی خودی (ئەو)ی تر |
|---|---|---|
| یەکەم: | زەوق و سەلیقەی (نالی): طبعی شەککەرباری من | ـــ |
| دووەم: | زەوق و سەلیقەی (نالی): شەهـ سوار<br>بەو هەموو نەوعە زوبانە ڕادەکا | ـــ |
| سێیەم | شیعری (نالی): بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە<br>طالیبی مەعنا دەکا | شیعری پڕ واتای قوڵ و شاراوەی نالی × (ئەو) نادان |
| چوارەم | شیعری (نالی): موسوەدەم بکرێ بە ڕۆح<br>پارچەی بێ بەدەل | ڕۆحی ئەو = شیعری نالی |
| پێنجەم | شیعری (نالی): شیعری من بۆ نازکی<br>پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا | شیعری ئەوان = پەتک |

ئەگەر چاوێک بەم شیعرەی (نالی) و ئەم خشتەیەی سەرەوەدا بخشێنین و بە وردی لە وێنەکێشانی کەسێتی و بەهرەمەندی و شاعیرێتی خۆی و ئەوانی تر بڕوانین، ئەوەمان بۆ دەدەکەوێت کە (نالی) لە هەستێکی تەواو نێرگسییانەوە وێنای خۆی و ئەوانی تری کردووە. ئەوەتا (نالی) کۆمەڵێک وێنە و وەسف و دەستەواژە و دەربڕینی ئەرێنی و جوان و هێزبەخش و کاریگەر دەخاتە پاڵ خۆیەوە، وەک:

من = طەبعی شەککەربار

من = ئیمتیحانی خۆیە مەقصودی

من = شەهـ سوار

من = بێ تەئەممول بەو هەموو زمانە ڕادەکا

شیعری من = کەس بە ئەڵفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە ........... (ئەو)

شیعری من = طالیبی مەعنا ........... (ئەو)

شیعری من = بکرێ بە ڕۆح .......... (ئەو)

شیعری من = پارچەی بێ بەدەل

شیعری من = هەودا

(نالی) ئەم دەربڕینانەی خستۆتە پاڵ خۆیەوە و شانازی بەخۆی و بە شاعیرێتی خۆیەوە دەکات و کەس بە هاوتا و هاوشانی خۆی نازانێت و لەم بوارەدا خۆی بە چەق و سەنتەری داهێنانی شیعری دەزانێت، ئەمەش ڕێک ئەو خەسڵەتانەیە کە کەسێتی نێرگسیزمی بەردەوام پیشانی بەرانبەرەکانی دەدات بۆ خۆ سەلماندن و سەپاندن و گۆڕینی ئاراستەی گرنگیپێدانەکان بۆ خودی خۆی و ڕەوینەوەی تارماییەکانی پەراوێزخستن و فەرامۆشکردن لەلایەن (ئەو – ئەوان)ی ترەوە.

له بەرانبەریشدا، (نالی) هەوڵیداوە کەسێتییەکی نەرێنی و لاواز و بێ نرخی (ئەو – ئەوان) کەسانە وێنا بکات، کە گاڵتەیان بە شیعرەکانی و بەهرەی شاعیرێتی (نالی) کردووە، بەتایبەتیش لە دێرەکانی (٣، ٤، ٥)دا، ئەویش بە وەسفکردنیان لە ئاستێکی نزمتر لە خودی خۆیەوە، بۆیە کۆمەڵێک دەستەواژە و دەربڕین و وێنەی نەرێنی و نزم دەداتە پاڵ ئەوانەوە، وەک:

ئەوان = نادان ..................... شیعر تەنیا لە هاوسەنگی دوو سەرەکەی و یەکێتی دوا پیتەکانی دەبینن.

ئەوان = موسوەدەم بکرێ بە ڕۆح ..................... ڕۆحیان لەبریتی شیعری (نالی) دابنێن.

شیعری ئەوان = کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی ..................... بێ نرخکردنی شیعری ئەوان.

شیعری ئەوان = پەتک ..................... هاوتاکردنی شیعری ئەوان بە شتی بێ نرخ لە وێنەی (پەتک)دا.

بۆیە ئەگەر لە وێناکردنەکانیشەوە سەیری کەسێتی (نالی) و (ئەو – ئەوان) بکەین، دەبینین زۆربەی وێنە شیعرییەکان بە دەوری خودی (نالی)دا دەخولێنەوە و جەخت لەسەر ئەرێنییەکانی خودی (نالی) و بەهرە شیعرییەکەی دەکەنەوە و کەمترین وێنەی شیعری سەبارەت بەوانەی گاڵتەیان بە شیعری (نالی) کردووە هێنراوەتەوە، بەمەش (نالی) هەوڵیداوە زۆرترین جەختکردنەوە لەسەر خودی خۆی بێت و کەمتر جەخت لە بەرانبەرەکەی بکاتەوە. خەسڵەتی کەسێتی نێرگسیزمی وایە کە لە قسە و گفتوگۆکانیدا زۆرترین قسە و ئاماژەکانی سەبارەت بە خۆیەتی و بەردەوام باسی خۆی دەکات.

## ئەنجام:

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. نێرگسیزم بە ڕێژەیەکی زۆر لەو شیعرانەدا دەردەکەوێت کە ناوەڕۆکەکەی شانازی و پێداهەڵگوتن و ستایشی (خود) تێیدا دەردەکەوێت و شاعیر خۆویستی و خود خۆشەویستی و سەرسامبوونێکی لە ڕادەبەدەری بۆ خود و کەسێتی و کار و چالاکییەکانی خۆی دەخاتەڕوو.

2. (نالی) یەکێکە لەو شاعیرە کلاسیکییانەی لە بەشێکی شیعرەکانیدا بە گشتی و لە شیعری (طەبعی شەککەرباری من)دا کەسێتی نێرگسیزمی و خود خۆشەویستی و سەرسامبوون بە خود و پێگە و کەسێتی و شیعرەکانی تێدا دەردەکەوێت و لەمبارەیەوە خودی خۆی بە گەورە و کارامە و لێهاتوو و شیعرەکانی خۆی بە داهێنانی زۆر بەرز و هونەری پیشان دەدات و لە بەرانبەریشدا ئەوانی تر بە کەم بایەخ و نەزان و بێ توانا پیشان دەدات.

3. (نالی) لەم شیعرەیدا شانازی بۆ چەند مەبەستێک بەکارئەهێنێت، لە لایەک بۆ مەبەستی بەرگری لە خۆکردن لەو توانج و ڕەخنانەی ڕووبەڕووی بۆتەوە، لەلایەکی ترەوە بۆ مەبەستی هێرشکردنە سەر ئەوانی تر بەکاریئەهێنێت، ئەمەش بۆ هەڕەشەکردن دوورخستنەوەی هەر کەسێک کە گاڵتە بە شیعرەکانی بکات. هەروەها بەم شیعرەی هەوڵی لابردنی تەمی پەراوێزخستن و فەرامۆشکردنی لە لایەن بەرانبەرەکانییەوە دەدات و ویستوویەتی خۆی لەو گرێی خۆ بەکەم زانینە ڕزگار بکات، کە لە ئەنجامی فەرامۆشکردنی و توانج تێگرتن و گاڵتەپێکردنییەوە لەلایەن (ئەو – ئەوان)ەوە بەرانبەری کراوە.

4. لە دەقە شیعرییەی (نالی)دا چ لەسەر ئاستی کەسێتی (نالی) وەکو شاعیر، چ لەسەر ئاستی پرۆسەی داهێنانی شیعرییدا، نالی خودی خۆی کردۆتە چەق و سەنتەری توانست و کارامەیی و لێهاتوویی شاعیر و داهێنانی شیعری ورد و ناسک و ئیستاتیکی و سەرنجڕاکێش، بەمەش پرۆسەی پرۆسەی بەسێنتراڵکردنی خود و پەراوێزخستنی ئەوی تر هەستی پێدەکرێت.

5. (نالی) کۆمەڵێک پێوەری ڕەخنەیی ورد بۆ هەڵسەنگاندنی دەقی شیعری دادەنێت؛ لەمانەش: وردی لە واتا و ناوەڕۆک و گەیاندنی مەبەست کە پەیامی دەق دەگرێتەوە، و ناسکی لە دەربڕیندا کە فۆرمی دەق دەگرێتەوە.

6. (نالی) لەم شیعرەیدا زۆرترین فۆکەسی خستۆتە سەر (من)ی خۆی، بۆیە زۆرترین ڕێژەی شیعرەکە باسی خودی (نالی) دەکات و کەمترین ڕێژەی شیعرەکە ئاماژەیە بۆ (ئەو)ی گاڵتەپێکەر. تەنانەت ئەمە لە هێنانەوەی زۆربەی وێنە شیعرییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. بەمەش (نالی) ویستوویەتی خۆی بسەلمێنێت و ئەو فەرامۆش بکات.

**سەرچاوەکان:**

**بە زمانی کوردی:**

**کتێب:**

- بەرزنجی، عەلی تاهیر (٢٠١٤) چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم: هەولێر.
- خەزنەدار، د. مارف (٢٠٠٣) مێژووی ئەدەبی کوردی، ب ٣، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای ئاراس: هەولێر.
- عبید، ئەرخەوان محمد (٢٠١٣) ئاوێتەبوون و لێکدانەوە (نالی) بە نموونە، چ١، چاپخانەی کاردۆ: کەرکوک.
- عەلی، د. ئازاد (٢٠٠٧) دەربارەی دەروونزانی گشتی، چ١، ؟: ؟.
- گەردی، عەزیز (١٩٨٧) ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین: هەولێر.
- مەلازادە، ڕێبوار محمد (٢٠١٦) نالی و سایکۆلۆژیای شیعر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات: هەولێر.

**دیوانی شیعری:**

- نالی، مەلا خدری ئەحمەدی میکایەڵی (١٩٧٦) دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم و محمدی مەلا کریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد: بەغدا.

**گۆڤار:**

- عەلی، د. دلشاد، (٢٠١٤)، "نالی لە بازنەی تاقیکردنەوە شیعرییەکەی کرمانجی خوارووداا"، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٤).
- کریم، د. ئازاد عبدالواحد، (2008)، "زمانی شیعری لەنێوان ئەزمونی شاعیر و ئیستاتیکای دەقدا (نالی وەکو نمونە)"، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٢٤)، (7-20).

**بە زمانی عەرەبی:**

**کتێب:**

- ابراهيم، د. ريكان (1989) نقد الشعر في المنظور النفسي، ط1، دار الشؤون الثقافية العامة: بغداد.
- البحيرى، عبدالرقيب احمد (١٩٨٧) الشخصية النرجسية (دراسة في ضوء التحليل النفسي)، ط1، دار المعارف: القاهرة.
- تاديه، جان ايف (1993) النقد الادبي في القرن العشرين، ترجمه: د. قاسم المقداد، وزارة الثقافة: دمشق.
- جاكوبي، (2020) التفرد والنرجسية (سيكولوجية الذات في اعمال يونج و كوهت)، ت: عبدالمقصود عبدالكريم، ط1، دار العين: القاهرة.
- الحداد، عباس يوسف (2009) الانا في الشعر الصوفي ابن الفاض انموذجا، ط2، دار الحوار للنشر والتوزيع: سورية – اللاذقية.
- مجيد، د. سوسن شاكر (٢٠٠٨) اضطرابات الشخصية (أنماطها، قياسها)، ط1، دار صفاء للنشر والتوزيع: عمان.

**المعجم:**

- مصطفى، ابراهيم و اخرون (؟) المعجم الوسيط، ج1، دار احياء التراث العربي: بيروت.

**المجلات:**

- الاخضر، بن سايح الاخضر، (2014)، "سيميائية الضمير (أنا) في الدلالات وبناء التأويل"، مجلة سيمات، العدد (1)، المجلد (2)، (128-138). https://www.noor-book.com
- امرائي، محمد حسن، (2021)، "ملامح النرجسية في اشعار ابي العلاء المعري"، إضاءات نقدية (مقالة محكمة)، ع: 41، السنة 11، (65-83). https://journals.iau.ir/article_682491.html
- سعفان، محمد احمد ابراهيم، (2011)، "الشخصية النرجسية (رؤية تحليلية في ضوء النظرية المعرفية)"، مجلة كلية التربية دراسات تربوية و نفسية بالزقازيق، ع: 70، الجزء: 1، (11-20). https://journals.ekb.eg/article_144562_1e8f2d624b775d781fc42a7d2b70c58b.pdf
- عبيد، شاهر عبيد، (1991)، "النرجسية في الثقافة المعاصرة"، مجلة المعرفة، ع: 329، (62-76). https://archive.alsharekh.org/Articles/64/2175/306721
- عسكر، عبدالله، (2009) "النرجسية في التحليل النفسي (اعادة قراءة للأسطورة)"، مجلة الشبكة العلوم النفسية العربية، ع: 23.
- لمراسكي، حسن كودرزي و اخرون، (2021)، "دراسة ظاهرة النرجسية من منظور الاسلوبية النفسية (قراءة في غزليات نزار قباني)"، مجلة جامعة كوفة، ع: 42، الجزء: 1، (513-536). https://journal.uokufa.edu.iq/index.php/kufa_arts/article/download/1418/1336/3072

**بە زمانی فارسی:**

**مجله:**

- مسبوق، سید مهدی و دیگران، (1394)، "خودشیفتگی و خودستایی در اشعر خاقانی و بشار بن برد"، مجله مطالعات ادبیات تطبیقی، شماره ٣٥، سال نهم، (81-103). https://journals.iau.ir/article_647632.html

**بە زمانی ئینگلیزی:**

**Journal**

– Elkind, David, (1999), "Egocentrism in Adolescence", Child Development, vol: 38, (1025-1035). http://psycdweeb.weebly.com/uploads/3/5/2/0/3520924/elkind_and_adolescent_egocentrism.pdf.

**خصائص النرجسية في النص الشعري (طەبعی شەککەرباری من) لـ(نالی) من وجهة نظر منهج النقد النفسي**

**ريبين خليل قادر**

قسم اللغة الكوردية,كلية التربية,جامعة صلاح الدين–اربيل,اقليم

كوردستان,العراق

rebeen.qader@su.edu.krd

**الملخص**

الشعر انعكاس لذهن الشاعر، فالحياة النفسية للشاعر، وحالاته النفسية، وانفعالاته، وتقلباته النفسية حاضرة في قصائده. ومن الظواهر النفسية التي يعاني منها كثير من الشعراء قضية النرجسية أي حب الذات. وفي هذه الدراسة حاولنا عرض هذه القضية النفسية في نص شعري لـ(نالي)، بعد أن تعرضت الشاعر للإهانات والسخرية من قبل بعض الناس؛ بسبب تأليفه الشعر باللغة الكردية (اللهجة سليمانية)، فإن هذه القضية في هذا البحث تعالج كمشكلة بحثية وهدفنا هو تفسير وتحليل السمات المختلفة لعقدة النرجسية و انعكاسها في نص (طەبعی شەککەرباری من) من حيث الخطوط المنهجية العامة لمنهج النقد النفسي. وأخيرا وصلنا إلى نتيجة مفادها أن (نالي) حاول أن يتمركز حول نفسه وإعلاء نفسه على الآخرين، أي أولئك الذين يسخرون قصائده.

**الكلمات المفتاحية:** الشعر، النرجسية، النقد النفسي، الذات، الآخر.

**Features of Narcissism in the Text of (Nali)'S Poem (Tabi'i Shakkarbari Mn) from the Point of View of the Method of Psychological Criticism**

**Rebeen Khaleel Qader**

Department of Kurdish Language, College of Education, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq

rebeen.qader@su.edu.krd

**Abstract**

Poetry is a reflection of the poet's mind. The poet's psychological life, psychological states, emotions, and psychological fluctuations are present in his poems. One of the psychological phenomena that many poets suffer from is the issue of narcissism, i.e., self-love. In this study, we tried to present this psychological issue in a poetic text by (Nali), after the poet was insulted and mocked by some people because of his writing poetry in the Kurdish language (Sulaymani dialect). This issue in this research is treated as a research problem and our goal is to interpret and analyze the different features of the narcissism complex and its reflection in the text (Taba'i Shakkarbari Min) in terms of the general methodological lines of the psychological criticism approach. Finally, we reached the conclusion that (Nali) tried to center himself and elevate himself above others, i.e., those who mock his poems.

**Keywords:** poetry, narcissism, psycho-criticism, self, other.